گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جەستە لە دەرەوەی بازنەی نیگارکێشاندا

**ئەحمەد نەبەز تاهیر**
بەشی شێوەکاری, کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ahmednebez1@gmail.com

**پ.ی.د.نەبەز عبدالطیف محمد**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق.
nabaz.mohmmad@univsul.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٣٠
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**وشە سەرەکییەکان:**
جەستە،بازنە، نیگارکێشان

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.7

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناوی **(جەستە لەدەرەوەی بازنەی نیگارکێشاندا)** لە ڕەهەندە فەلسەفی و کولتوورییەکانی جەستە و تەکنیک و شێوازەکانی نوێنەرایەتی جەستەیی لە هونەری هاوچەرخدا دەکۆڵێتەوە، لە ڕێگەی نموونەی پراکتیکی لە هونەرمەندانی جۆراوجۆر لە لە ئەوروپا و ئەمریکادا. توێژینەوەکە، بەشداری دەکات لە گوتاری فراوانتر لەسەر هونەر و کۆمەڵگا، جەخت لەسەر پەیوەندیداربوونی جەستە دەکاتەوە وەک ئەرشیفێکی زیندوو لە یادەوەری، هەست، بەرخۆدان و گۆڕانکاری و لە سێ بەشی سەرەکیدا پێکهاتوو ئەوانیش بریتین لە: بەشی یەکەم چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە تیایدا (کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوەکان) لە خۆدەگرێت. بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری نوێژینەوەکە، کە دوو تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت ئەوانیش بریتین لە: (تەوەری یەکەم: پێگەی جەستە لە مێژووی هونەردا)هەروەها (تەوەری دووەم: شێوازو و تەکنیکی خستنە ڕووی جەستە لە کاری هونەری هاوچەرخدا). هەر یەك لەم تەوەرانەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵێك باس لەخۆ دەگرێت. بەشی سێیەم ڕێکارەکانی تووێژینەوەکەیە کە تیایدا (کۆمەڵگەی توێژینەوە، کەرەستە و ئامرازەکانی توێژینەوە، میـتـۆد و جـێبەجـێـکردنی توێژینەوە، نموونەی توێژینەوە) لە خۆدەگرێت. لە کۆتایشدا ئەنجامەکان خراوونەتە ڕوو.

## پێشەکی:

لە ڕووی مێژوویەوە جەستەی مرۆڤ بابەتێکی سەرەکی بووە لە نیگارکێشیدا، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی فۆرمە ئایدیالیزەکراوەکانەوە وێنادەکرێت کە ڕەگیان لە نەریتە کلاسیکییەکاندا هەیە. بۆ نموونە لە هونەری یۆنانی کۆن و ڕێنێسانسدا، جەستە وەک هێمای جوانی خودایی و هاوسەنگی و کامڵبوونی ئەناتۆمی پیشاندەدرا، وەک ئۆبژەی سەرسامبوون و ئامرازێک بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ئایینی یان ئەفسانەیی. بەڵام لەگەڵ هاتنی پۆست مۆدێرنیزم و بە تایبەتی لە سەردەمی دوای شەستەکاندا، جەستە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پراکتیکی هونەریدا بەخۆیەوە بینی. ئیتر لە چوارچێوەی کانڤاس یان وێناکردنی پاسیڤدا قەتیس نەبوو، بەڵکو تێگەشتن بۆ جەستە گۆڕانکاری بەسەرداهات لای پسپۆڕان و ئەو گۆڕانکاریانەش بەهۆی گۆڕانی تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوە بە بەتایبەت لای هونەرمەندان و نووسەران. لە نیگارکێشانی نەریتییەوە گۆڕا بۆ نوێنەرایەتییەکە قوڵ و ڕەخنەگرانە بە دیاریکراوی لە هونەری هاوچەرخدا جەستەی مرۆڤ وەک میدیایەکی ناوەندیو دەربڕین و ڕەنگدانەوە و بەرەنگاربوونەوە سەریهەڵداوە. ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (جەستە لە دەرەوەی بازنەی نیگارکێشاندا) لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن جەستە نەک تەنها وەک فۆرمێکی فیزیکی بەڵکو وەک نیشاندەرێکی بەهێز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناو پرۆسەی هونەریدا کاردەکات، پرۆسەیەک کە مانای کەسی، کولتووری، سیاسی و فەلسەفی دەگەیەنێت. توێژینەوەکە گۆڕینی جەستە لە سوژەیەکی پاسیڤەوە بۆ بکەرێکی چالاک لە پراکتیکە هونەرییە هاوچەرخەکاندا دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٨٠، قۆناغێک کە بە گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و چەمکە پەرەسەندووەکانی ناسنامە دیاریکراوە.

جەستە بووەتە شوێنی کێبڕکێ و گفتوگۆ لەناو هونەری نمایش، هونەری ڤیدیۆیی، ئینستلەیشن، میدیای دیجیتاڵی و پراکتیزەکردنی جەستە. هونەرمەندان زیاتر جەستەی خۆیان یان کەسانی دیکە بەکاردەهێنن بۆ بەرەنگاری نوێنەرایەتییە نۆرماتیڤەکان، تێکدانی ئایدۆلۆژیا باڵادەستەکان و گەڕان بەدوای بابەتەکانی وەک ڕەگەز، سێکس، زەبر و زەنگ، دەسەڵات و ئاوارەبوون. ئەم توێژینەوەیە جەستە لە چوارچێوەیەکی فرە پسپۆڕیدا دادەنێت، کە سوود لە مێژووی هونەر، فەلسەفە، توێژینەوەی جێندەر، تیۆری میدیا و ڕەخنەی کولتووری وەردەگرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن هونەرمەندان جەستە وەک میدیایەک، کانڤاسێک، ئۆبژێکتێک، یان بابەتێک بەکاردەهێنن بۆ خستنەڕووی ئەزموونە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ.

جەستە وەك بابەتێکی گرنگ لە هونەری هاوچەرخدا پێناسە کراوەتەوە. چیتر لە سنووری پێوەر و جوانکارییە باوەکانی کلاسیک نەماوەتەوە، ئێستا جەستە پارچە پارچە بووە و نێوەندگیری و دووبارە کۆنتێکست کراوە. ئەم توێژینەوەیە گەڕان بۆ بەکارهێنانی ئەدای و ڕەمزی جەستە دەکات، شیکاری بۆ بینین و بوونی لە کایەی گشتی و تایبەتدا دەکات، هەروەها نوێنەرایەتیکردنی لە هەردوو فەزای ڕاستەقینە و مەجازیدا دەخاتە ڕوو. بە شوێنپێهەڵگرتنی پێشهاتە تیۆری و مێژووییەکان.

## بەشی یەکەم

### چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١. کێشەی توێژینەوە:

ڕۆڵی جەستە لە هونەردا بەردەوام لە گۆڕاندایە، جەستە لە سنوری نیگارکێشاندا سەرنجی لەسەر نواندنە نەك بەشدار و بکەرێکی چالاك بێت، بەڵکوو ئۆبژەیەکی پاسیڤە. بەڵام لە دەرووی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بازنەی نیگارکێشاندا و لە دوای جەنگە گەورەکانی جیهاندا تا دەگاتە سەردەمی ئێستامان و بە تایبەتی لە هونەری هاوچەرخدا تێگەشتن بۆ جەستە گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات، بەهۆی گۆڕانی دیمەنە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و تەکنەلۆژییەکانەوە جارێکی دیکە لە قاڵب درایەوە. ئێستا جەستە میدیایەکە بۆ دەربڕین و بەرەنگاربوونەوە و ڕەخنە. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە، بنچینەی سەرەکی ئەم بیرۆکەیە دەستی پێکرد و لە پەنجاکاندا زیاتر و زەقتر بەدەرکەوت، لای هونەرمەندان جەستە لە تەنها نوێنەرایەتیکردنەوە گۆڕاوە بۆ پەیوەندیکردنێکی ڕاستەوخۆ، کە بۆ پرسیارکردن لە ناسنامە و ڕەگەز و دەسەڵات و سێکس بەکاریدەهێنن.

بزووتنەوە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی وەک فێمینیزم، دژە کۆلۆنیالیزم، دژە سەرمایەداری، ڕۆڵیان هەبووە لەم پەرەسەندنەدا کە تیایدا جەستە دەبێتە شوێنێک بۆ بەرەنگاری نۆرمەکان و دەربڕینی هەردوو ئەزموونی کەسی و بەکۆمەڵ. هونەرمەندە هاوچەرخەکان کۆمەڵێک میدیای بەرفراوان بەکاردەهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاڵۆزییەکانی جەستە، ئەوانیش بریتین لە: نمایشکردن-پێرفۆرمانس، هونەری جەستە، پەیکەرسازی، نیگارکێشان، وێنەگرتن، ڤیدیۆ و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی. پێشکەوتنەکانی وەك هونەری دیجیتاڵی، واقیعی مەجازی و AI پرسیاری نوێ سەبارەت بە فیزیکییەت، ناسنامە سنوری نێوان بوونی ڕاستەقینە و مەجازی جەستە دەوروژێنن. جەستە ئەمڕۆ شوێنگەیەکی لە نێوان تایبەت و گشتیدا داگیرکردووە، دەربڕینی کەسی و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبات.

توێژینەوەکە پرسیاری جەوهەری دەوروژێنێت: ئایا جەستە لە کاری هونەریدا میدیایە یان خودی پەیامەکە؟

## ٢. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە پێگەی جەستەی مرۆڤ لە هونەری هاوچەرخدا, وەك بابەت و ناوەندێکی سەرەکی، چونکە جەستە دەبێتە ڕووبەڕێك بۆ ئەنجامدانی کارەکە (مەتریال) جگە لە گەڕان بەدوای ناسنامەدا (بابەت و تێگەی کارە هونەرییەکە). لەم توێژینەوەیە جەستەی مرۆڤ ئەرکی بایۆلۆژی خۆی تێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی ببێتە هێما و میدیۆمێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستەوخۆ هەروەها دەبێتە سەنتەری لێکۆڵینەوە بۆ گەڕان و بەدواداچوون بەشوێن تایبەتمەندییەکانی هونەری هاوچەرخ لە ئێستادا.

### ٣. ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی تایبەتمەندی جەستەیە لە دەرەوەی بازنەی هونەری نیگارکێشاندا.

### ٤. سنوری توێژینەوە:

**أ. سنوری بابەتی:** جەستە لەدەرەوەی بازنەی نیگارکێشاندا.

**ب .سنوری شوێن:** سنوری جوگرافیای (ئەوروپا-ئەمریکا) دەگرێتەوە.

**پ. سنوری کات:** لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٨٠ لە خۆدەگرێت.

### ٥. دەستنیشانکردن و پێناسەی زاراوەکان:

**أ. "جەستە" لە ڕووی زمانەوانییەوە (Body):**

جەستە لە زمانی عەرەبیدا: جیاوازی (الجسد و الجسم) جەستە لای (جرجانی) بە واتای گەوهەرێکی سێ ڕەهەندی دێت، ئەو پێی وایە جەستە "گەوهەرێکی مادییە لە ناو شوێنێکدا، کە کێشی هەیە و بەرگەی کشانیش دەگرێت، جیاوازە لە ڕۆح." (الجرجانی,٢٠٠٢,ص.٧٢).

**ب. "جەستە" لە ڕووی چەمکیەوە (Body):**

پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان جەستە ڕێکدەخەن و کۆنترۆڵی دەکەن، ئەمەش وایکردووە ببێتە شوێنێکی دینامیکی دەسەڵات. جەستەکان لەلایەن هێزە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکانەوە لە قاڵب دەدرێن و وەڵامیان دەدەنەوە، لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەرخۆداندا جێگیریان دەکەن. جەستە وەک شوێنێکی گرینگ بۆ تێگەیشتن لە ناسنامە و ئەزموون کاردەکات .(Foucault,1995,P.183-185)

**ج. "جەستە" لە ڕووی فەلسەفییەوە (Body):**

جەستە وەک خاڵی سەرەکی لە باسەکانی بوون و ناسنامە و سروشتی واقیعدا کاردەکات و بەشێکی جەوهەری ئەزموونی مرۆڤە، جەستە تەنها ئۆبژەیەک نییە لە جیهاندا بەڵکو میدیایەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەڕەتییە کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە هەست بە دەوروبەرەکەی دەکەن و کارلێک دەکەن (Merleau-Ponty,1962). جەستە، ئاماژەیە بۆ فۆرمەکانی فیزیکی لە پراکتیزە هونەرییە جیاوازەکاندا کە بەشدارن یان نوێنەرایەتی دەکرێن، لەوانەش (هونەری پێرفۆرمانس)، (هونەری جەستە)، هونەرە بینراوەکان بەگشتی. لە هونەری هاوچەرخدا جەستە میدیایەکی سەرەتاییە کە هونەرمەندان لە ڕێگەیەوە لە تەوەرەکانی ناسنامە و دەسەڵات و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵنەوە (Coliva,2015). نەك تەنیا وەك بابەتێک بەڵکو بەشدارێکی چالاکە لە دروستکردن و لێکدانەوەی هونەردا.

**د. "جەستە" لە ڕووی ڕێکارییەوە (Body):**

جەستە، هەموو شتێکە کە خودی جەستەیی بوونێك پێکدەهێنێت بە پلەی یەکەم ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی فیزیکی مرۆڤ یان ئاژەڵ، کە وەک یەک زیندەوەری تاک سەیر دەکرێت، کە پێکهاتووە لە ئەندامەکان، ماسولکە، ئێسک و شانەکان. هەروەها جەستە ئاماژەیە بۆ هەر تەنێکی جیاکراوە کە بارستەی هەبێت، کە دەتوانێت بۆ مرۆڤ، ئاژەڵ، تەنانەت بۆ تەنە جووڵاوەکان و شتە بێ گیانەکانی وەک جەستەی ئۆتۆمبێلیش ئەم زاروەیە بگونجێت. بە مانایەکی فراوانتر، جەستە ئاماژەیە بۆ وەسفکردنی بوونە بەکۆمەڵەکان یان ئەو شتانەی کە فۆرمێکی دیاریکراویان هەیە.

## بەشی دووەم

### چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### تەوەری یەکەم: پێگەی جەستە لە مێژووی هونەردا:

نوێنەرایەتیکردن و گەڕان بەدوای جەستەی مرۆڤ لە هونەردا بۆ چەندین سەدە ناوەندی دیسیپلینی مێژووی هونەر بووە. لە جیهانی کۆنەوە تا پراکتیکی هاوچەرخ، فۆرمی مرۆڤ بۆ گەیاندنی چەمکە جۆراوجۆرەکان بەکارهێنراوە، لە پەرستن و وێناکردنی خواندەکان و پیشان دانیان لە فۆرمی جەستەدا هەتا دەگاتە خستنە ڕووی جوانی و ئایدیالیزەکردنەوەی جەستە بۆ دەربڕینی ناسنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسی. پێگەی جەستە لە مێژووی هونەردا تەنیا پەیوەندی بە وێناکردنی بینراوییەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بەو مانایە کولتووری و ئایدیۆلۆژییانە هەیە کە بە درێژایی کات پێیەوە گرێدراون، هەر سەردەمێک دیدگای ناوازە بۆ چۆنیەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێناکردن و تێگەیشتن لە جەستە بەشدارە (Giddens,2013,P.124). لەم تەوەرەدا باس لە قۆناغە مێژوویەکان دەکەین کە چۆن لە هەر قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەپێی تێگەیشتنیان بۆ جەستە شێوەی بەکار هێنانی جەستەیان لەقاڵب داوە. هەر لە چاخی بەردینەوە تا شارستانییەتە کۆنەکانی وەك: میسۆپۆتامیا، میسری کۆن، یۆنان-گریك، هەتا دەگاتەوە بە هونەری چاخەکانی ناوەڕاست و هونەری کلاسیکی و دواتر بۆ سەردەمی ڕێنێسانس، مانێریزم، بارۆك، ڕۆکۆ، کلاسیکی نوێ، ڕۆمانتیك، تا دەگاتە پەرەسەندنی هونەر لە ڕێگەی بزووتنەوە جیاوازەکانی مۆدێرنیزم، کە ناسراون بە ئەڤانگاردەکان-پێشەنگەکان، کە خۆیان لە ئیمپریشینیزم، ئێکسپریشینیزم، کوبیزم، فۆڤیزم سوریالیزم و دادائیزم..هتد دەبیننەوە، تا دەگاتەوە بە پۆست مۆدێرنیزم و هونەری هاوچەرخ. قۆناغ بە قۆناغ بە وردی باسیان دەکەین و دەیانخەینە ڕوو. سەرەتا لەپێگەی جەستە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا دەست پێدەکەین.

## ١. لە شارستانییەتە کۆنەکاندا:

نوێنەرایەتی جەستە لە سەرەتای ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی شارستانییەتەوە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. لە چاخی بەردین- قۆناغی پێش مێژوو . بە تابلۆی ئەشکەوتەکان تایبەتمەندە، بە (هونەری ڕۆسکۆ*) ناسراوە. لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا وێنەی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵیان بەشێوەیەکی سادە کێشاوە، کە ئاماژەیان بە ڕۆڵی جەستە کردوە وەک هێمای ژیان و دەسەڵات و پەیوەندی بە هێزی خوداییەوە. لە هەمان کاتدا وێنەکان ئاوێنەیەک بووە بۆ پیشاندانی شێوە و ستایلی ژیانکردن و پیشاندانی بابەتی ڕاو و شکارو ژیانی ڕۆژانەیان، هاوکات زمانێکیش بووە بۆ گواستنەوەی بەهرە و ئاگایی مرۆڤی ئەوکات بۆ نەوەکانی دوایای خۆیان (Harrison,2021,P.22) بڕوانە شێوەی (١). لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانیەتەکان، وێنەکردنی جەستەی مرۆڤ زیاتر بوو، وەك بەها جوانیناسییەکانی

---

***هونەری ڕۆسکۆ یاخود هونەری بەردین:** ئەو هونەرەیە کە لە قۆناغی پێش مێژوو پێش تۆمارە نووسراوەکان، بوونی هەبووە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی وەك ئەشکەوتی لاسکۆ-فەرەنسا، ناوچەکانی کامبێرگ-ئەفریقا HARRISON, M. 2021. *The Body in Ancient Cultures,* London, Routledge.p.22.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شارستانییەتە جیاوازەکان و زەمینە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسییەکانیان ڕەنگی داوەتەوە. جەستە بۆ گەیاندنی دەسەڵات و جوانی و هێزی خودایی بەکاردەهێنرا. وەك لە شارستانییەتی کۆنی میسۆپۆتامیا بەدی دەکرێت، نوێنەرایەتیکردنی جەستەی مرۆڤ، لە ڕێگەی تابلۆی بەرد و قوڕەوە، دەربڕینێکی ژیانی ناسنامەی کولتووری و بیروباوەڕی ئایینی بوو. فۆڕمی ستایلداریان بەکاردەهێنا بۆ گەیاندنی سیفەتە ئیلاهییەکان. ئەم نوێنەرایەتیانە تەنیا جوانکاری نەبوون، ئەوان خزمەتیان کرد بۆ گەیاندنی هێز و کاریگەری خوداوەندەکە لەسەر ژیان و مردن (Roth,2017,P.56). لای سۆمەرییەکان جەستەی پەیکەرەکان بێ وردەکاری و سەرەتایی بوون. زیاتر گوزارشتی ڕۆحی بوون وەك لە شێوەی(٢)دا دیارە. بەڵام ئەکەدیەکان ئەم نەریتەیان پێشخست بە دروستکردنی وێناکردنی واقیعیتر. ئەمەش لە پەیکەری ریلیفی سەرکەوتنی (نەرامسین*)دا دیارە، کە لەسەر بەرد تاشراوە باسی سەرکەوتنی شا نەرامسین دەکات. کە پاشا بەجەستەیەکی ماسولکەیی سەرکردایەتی سەربازەکانی دەکات و دوژمنەکانی دەبەزێنێت، ئەمەش هێمای ئیلاهییەتە بۆ حوکمڕانی و جەختکردنەوەی ئەکەدیەکانە لەسەر سەرکردایەتی، (Kramer,2018,P.112) وەك لە شێوەی (٣)دا خراوەتەڕوو. هەرچی ئاشوورییەکانە جەستەی مرۆڤیان بەشێوەیەکی زۆر ورد و داهێنەرانە دیراسەکردووە، کە ئەمەش لە فیگەری تێکەڵاوی (لاماسوس*)دا دیارە، کە تێکەڵەیەکە لە فۆڕمی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ بۆ ئەوەی هێمای پاراستن و هێز بێت. کە لەسەردەمی خۆیدا وەک پارێزەری شارەکان بەکارهاتووە (Dalley,2020,P.88) بڕوانە شێوەی (٤). هەروەها بابلییەکانە جەختیان لەسەر پەیوەندی

---

***نەرامسین:** یەکێکە لە سەرکردە ئاشوورییەکان و نەوەی سەرجۆنی ئەکەدییە فەرمانڕەوایەکی بەهێزی ئەکەدی بوو لە ساڵانی (نزیکەی ٢٢٥٤-٢٢١٨ پێش زایین) ئیمپراتۆریەتی ئاشوری زۆر فراوان کرد. خۆی بە پاشایەکی خودایی ڕاگەیاند KRAMER, S. 2018. *History Begins at Sumer,* Philadelphia, University of Pennsylvania Press.p.112.

***لاماسوس:** خوداوەندی پارێزەری ئەفسانەیی ئاشوورین کە جەستەی گا یان شێر و باڵەکانی هەڵۆ و سەری مرۆڤیان هەیە، کە هێمای هێز و خودایی و حیکمەتە. زۆرجار بۆ خۆپاراستن لە خراپە لە دەروازەی شار و دەروازەی کۆشک دادەنران DALLEY, S. 2020. *Myths from Mesopotamia,* Oxford, Oxford University Press.p88.

## گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوان فەرمانڕەوا و دەسەڵاتی خودایی کردەوە، ئەمەش بە تایبەتی لە وێناکردنی پەیکەری (حەمورابی*)دارەنگی داوەتەوە. کە جەستەی ئەویان لە دۆخی وەرگرتنی یاساکان لە خوداوەند شەماشەوە پیشانداوە، بەمەش گرنگی فۆڕمی فیزیکی لە گەیاندنی دەسەڵات و شەرعیەتدا بەهێزتر کردوە، (Heinrich,2019,P.210) وەك لە شێوەی (٥)دا دیارە.


هونەری ڕۆسکۆ، شێوەی(١)


هونەری سۆمەری، شێوەی(٢)


نەرامسین،شێوەی(٤)


لاماسۆس، شێوەی(٤)


حامورابی، شێوەی(٥)

لە چوار چێوەی تێگەیشتن و وێناکردنی جەستە لە شارستانییەتی میسری کۆنیش فۆڕمی مرۆڤ بە شێوەیەک وێنادەکرا, کە جەخت لەسەر ڕێژە و سیمیتری دەکرایەوە بۆ ئەوەی سروشتی هەمیشەیی ڕۆح تیایدا ڕەنگبداتەوە (Harris,2020,P.45). پەیکەری خوداوەندەکان (فیرعەون) بە شێوەیەک دروست دەکران کە هێز و خودایی بەرجەستە بکەن، خزمەت بە هەردوو مەبەستی ئایینی و سیاسی دەکات. بڕوانە شێوەی (٦). هەروەها تێڕوانین و وێناکردنی جەستە لە شارستانییەتی کۆنی یۆنان فۆڕمێکی جیاوازی لە شارستانییەتەکانی میسۆپۆتامیا و میسر هەیە. یۆنانیەکانە ئاهەنگیان بۆ جەستەی ڕووتی مرۆڤ گێڕا. فیگەری مرۆڤیان بەجوانی جەستەیی و ئایدیاڵەکانی قارەمانێتی پیشان دەدا. پێیان وابوو کە جەستە ڕەنگدانەوەی ڕۆحە. هاوکات لە هونەری ڕۆمانیشدا، نوێنەرایەتی وردی فۆڕمی مرۆڤ لە وێنەی ئیمپراتۆر و بیرمەندان بۆ گەیاندنی پێگە و تاکایەتی بووە. وەك لە پەیکەرەکەی (زیۆس) لە شێوەی (٧)دا دیارە. (Smith,2018,P.112-130). لەم چوارچێوەیەدا، جەستە، بووە بەئامرازێک بۆ دەربڕینی ناسنامەی کەسی و دەستەجەمعی، تیشک دەخاتە سەر گۆڕانی

---

***حامورابی**: (نزیکەی ١٧٩٢-١٧٥٠ پێش زایین) ژیاوە شەشەمین پاشای بابل بوو، یەکەم کەس بووە یاسای نووسیوە لە مێژووی مرۆڤایەتی. سەردەمی حوکمڕانی ئەو بووە هۆی فراوانبوونی بابل بۆ زلهێزێکی گەورەی میزۆپۆتامیاHEINRICH, R. 2019. *The Babylonian World,* New York, Routledge.p210.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کولتووری بەرەو تاکگەرایی لە هونەری ڕۆژئاوادا. وێناکردن و پیشاندانی ئاینی لە ڕەهەندی ئاینیش بە شێوەیەکی جیاواز ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە لە ئاینی (زەردەشت)ییدا، جەستەی (زەردەشت) بەشێوەیەکی هێمادار وێنا کراوە نەک واقیعی. وەک کەسایەتییەکی خودایی و ڕۆشنبیر چەمکسازی کراوە، پەیوەستە بە ڕووناکی و حیکمەت و پاکییەوە. بە جل و بەرگی سپییەوە، تاجی لەسەردایە. ڕووخساری ڕیشداری هێمای حیکمەت و پێگەیشتن، کە تایبەتمەندییەکی باوە لە وێناکردنی کەسایەتییە ئایینییە کۆنەکاندا (Boyce,2001,P.10-25) وەك لە شێوەی (٨)دا خراوەتەڕوو. هەروەها لە ئاینی (بوددا)یدا جەستەی بوددا لە دۆخی دانیشتن و مێدیتەیشن، سەقامگیری، و ئارامی ناوەوە. دەردەکەوێت. وەک هێمای ڕۆشنگەری و حیکمەت و بەزەیی چەمکسازی دەکرێت. لە فەلسەفەی بوددایدا جەستەی نوێنەرایەتی سێ جەستە دەکات، ئەوانیش: (دارماکایا-جەستەی ڕاستی) و(سامبۆگاکایا-جەستەی بەختەوەر) و (نیرمانکایا-جەستەی دەرچوون) نوێنەرایەتی بیناوی بودا لە سەرانسەری نەریتە بوداییەکان جیاوازیان هەیە (Gethin,1998,P.20-50). بڕوانە شێوەی (٩). بە شێوەیەکی گشتی ئایدیالیزەکردنی جەستە تەنها ڕەنگدانەوەی جوانی جەستەیی نەبوو بەڵکو بە قووڵی لەگەڵ بیروباوەڕی شارستانیەت سەبارەت بە ژیان و مردن و ژیانی دوای مردن تێکەڵ بوو.



فیرعەون، شێوەی(٦)



زیۆس، شێوەی(٧)



زەردەشت، شێوەی(٨)



بودا، شێوەی(٩)

نوێنەرایەتی جەستە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەکان بەگشتی و لە هونەر بەتایبەتی پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی بەها و بیروباوەڕ و ناسنامەی شارستانییەتە جیاوازەکانە. هەر قۆناغێک بەشداریی کردووە لە تێگەیشتنمان لە جەستەوەک بوونێکی فیزیکی و هێمایەک بۆ مانایە کولتوورییە قووڵەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢. بە کار هێنانی جەستە لە هونەری کلاسیکدا:

لە هونەری کلاسیکدا جەستە نەک تەنها بابەتی سەرسامی جوانیناسی بەڵکو دەرکەوتنی ئایدیاڵە فەلسەفی و ئایینی و سیاسییەکانیش بوو. ڕێبازی کلاسیک کە ڕەگ و ڕیشەی لە نەریتی یۆنانی و ڕۆمانیدا هەبووە، جەختی لەسەر هاوسەنگی و ڕێژە و وردبینی ئەناتۆمی دەکردەوە. هونەرمەندان پێیان وابوو کە جەستەی ئایدیاڵ ڕەنگدانەوەی ڕیزبەندییەکی باڵاتری ڕاستی و عەقڵانییەت و فەزیلەتی ئەخلاقییە. ئەم ئایدیالیزەکردنە سەدەکانی هونەری ئەورووپی لە قاڵب دا. لە سەدەکانی ناوەڕاست گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە نوێنەرایەتیکردنی جەستەدا بەخۆیەوە بینی، کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی و ڕۆحی و ئەفسوناوی زاڵبوو بەسەر دەربڕینی هونەریدا. لە هونەری مەسیحی سەدەی ناوەڕاستدا، جەستە زۆرجار ئەبستراکت و هێمادار بووە، لەگەڵ فیگەری درێژکراوە بۆ گەیاندنی ئامادەیی خودایی و جەختکردنەوە لەسەر پیرۆزییەکان بەکاردەهێنرا (Jones,2019,P.78). بۆ نموونە:

هونەرمەندی پەیکەرتاش (دۆناتێلۆ- ١٣٨٦-١٤٦٦) نوێنەرایەتی کلاسیکی جەستەی مرۆڤی پێناسەکردەوە بە زیندووکردنەوەی سروشتگەرایی کۆنی یۆنانی-ڕۆمانی، لە هەمان کاتدا کارەکانی بە قووڵی دەروونی و دەربڕینی تێکەڵ کرد. پەیکەری داڤیدەکەی ساڵی ١٤٤٠ کە بەیەکەم پەیکەری ڕووتی نێرینەی سەربەخۆ لە دێرزەمانەوە دیارە، جەستە نەک تەنها بە وردبینی ئەناتۆمی بەڵکو وەک بەرجەستەیەکی وردی لاوازی گەنجی و سەرکەوتنی خودایی پێشکەش دەکات. دۆناتێلۆ، جەستەی بەکارهێنا بۆ گەیاندنی تاکایەتی بوونی ڕۆحی و دەسەڵاتی مەدەنی. (Pope-Hennessy,1993,P.48) کە ئەمەش بە ڕوونی لە شێوەی (١٠)دا دەردەکەوێت.

هەروەها لای هونەرمەندی کلاسیك (ساندرۆ بۆتۆ چیللی) جەستەی مێینە بە شێوەیەکی بەڕێزانە خراووەتەڕوو، وەک دیدێکی ئایدیالیزەکراوی خۆشەویستی و جوانی خودایی کاردەکات. هاوتەریب لەگەڵ فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێ، کە جوانی فیزیکی وەک ڕەنگدانەوەی ڕاستی ڕۆحی سەیری دەکرد.وەك لە تابلۆی (لەدایکبوونی ڤینۆس*)دا دیارە.

---

*__لەدایکبوونی ڤینۆس:__ شاکارێکی هونەرمەند ساندرۆ بۆتێچێللی سەردەمی ڕێنێسانسی ئیتاڵییە، لە دەوروبەری ساڵانی ١٤٨٥-١٤٨٦ بۆ بنەماڵەی مێدیچی دروستکراوە. تابلۆکە وێناکردنی لە دایکبوونی ڤینۆس، خوداوەندی

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(Adams,2021,P.34-50) بڕوانە شێوەی (١١). سەردەمی ڕێنێسانس مژدەی گەڕانەوەی بۆ جەستەی مرۆڤ بوو وەک بابەتێکی لێکۆڵینەوە، لە ڕێنێسانسەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم هونەرمەندان وەک شـــوێنی دەربڕینی فیکری و مەعنەوی مامەڵەیان لەگەڵ فیگەری مرۆڤدا دەکرد. هونەرمەندانی وەك (لیۆناردۆ داڤینشـــی) لە وێنەکێشـــانی ئەناتۆمی مرۆڤدا، لە ڕێژە و هاوسـەنگی جەسـتەیان کۆڵیەوە. وەك لە تابلۆی پیرۆز یۆحەنا باپتیسـتدا دیارە، هاوسـەنگی لە نێوان ئەناتۆمی ئایدیالیزەکراو و دەنگدانەوە ڕۆحییەکان نیشـــان دەدات. بۆ لیۆناردۆ جەســـتە تەنیا گۆشـت نەبوو، بەرجەسـتەکردنی فیزیکی یاسـا ئیلاهی و سـروشـتییەکان بوو. کارەکانی خاڵی وەرچەرخانێکی لە هونەری ڕۆژئاوادا تۆمار کرد (Kemp,2006,P.153) بڕوانە شێوەی (١٢).

هەروەها هونەرمەنـد (مـایکـل ئەنجێلۆ) بەوردی لێکۆڵینەوەی لە ئەنـاتۆمیـدا کرد، وەك نوێنەرایەتی واقیعی بۆ فۆڕمی مرۆڤ. وەك لە(پەیکەری داڤید*) دا دیارە، ئەنجیلۆ دەڵێت: "چ ڕۆحێک ئەوەندە بەتاڵ و کوێرە، کە نەتوانێت ئەو ڕاسـتییە بناسـێتەوە کە ، پێسـتیش جوانترە لەو جلوبەرگەی کە لەبەریدایە؟" (Gombrich,1993,P.210) بڕوانە شـــێوەی (١٣). هەر لە ڕێنسانسدا هونەرمەند (کاراڤاجیۆ)، لە کارەکانیدا چڕی سۆزداری جەستەیی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاســتی ڕۆحی وەك لە تابلۆی (گۆڕســـتان*)دا دیارە، (Freedberg,1971,P.312) بڕوانە شێوەی(١٤).

هەروەها وێناکردنی جەستە لای مانێرستەکانیش تایبەتمەندی خۆی وەرگرت هونەرمەندەکانیان ڕێژە و جووڵەی مرۆڤیان زیادەڕەوی تێدا دەکرد. فیگەرەکانیان لە پۆزی ناسـروشـــتیدا بوون.

---

ADAMS, T. 2021. Humanism and the Body in Renaissance Art. *Renaissance* خۆشەویستی و جوانیە.
*Studies*, P.34-50.
*__پەیکەری داڤید:__ شاکارێکی مایکل ئەنجێلۆی سەردەمی ڕێنێسانسە (١٥٠١-١٥٠٤) کە پاڵەوانی کتێبی پیرۆز داوود-
GOMBRICH, E. H. 1993. *The Story of Art,* London, Phaidon .p,153داڤید لە ساتێکی ئارام نیشان دەدات
.Press
*__تابلۆی گۆڕستان:__ شاکارێکی دراماتیکیی کاراڤاجیۆیە کە جەستەی بێژیانی مەسیح بە ڕیالیزمێکی سەرنجڕاکێش
FREEDBERG, S. J. 1971. *Painting in Italy: 1500–1600,* New York, و چڕی سۆزدارییەوە وێنەکردوە
Penguin Books.p.312

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەختیان لەســەر ئاڵۆزی دەکردەوە بەســەر واقعدا، ڕێژە و جووڵەی مرۆڤیان زیادەڕەوی تێدا دەکرد. هونەرمەند (ئێل گریکۆ- ١٥٤١-١٦١٤) لە ئیســپانیا یەکێك بوو لە چالاکترینەکانی فەترەی مانێریســت، بە شــێوەیەکی چڕ و ڕۆحی، لێکدانەوەی بۆ جەســتە پێشــکەش کرد. وە بە فیگەرە درێژەکانی ناســراوە وەك تابلۆی دیدگای یۆحەنا پیرۆز. جەســتەی ناو تابلۆکانی، بەرەو ئاســمان درێژن، ڕەنگدانەوەی گرژییەکی میتافیزیکییە لە نێوان گۆشــت و ڕۆحدا. (ڕەســوڵ,٢٠٢١,ل.١٢)، وەك لە شێوەی (١٥)دا بەڕوونی دیارە.


دوناتێلۆ
شێوەی(١٠)


بۆتۆ چیللی
شێوەی(١١)


داڤنشی
شێوەی(١٢)


ئەنجیلۆ
شێوەی(١٣)


کاراڤاجیۆ
شێوەی(١٤)


ئێل گریکۆ
شێوەی (١٥)

هەروەها هونەرمەند (دییگۆ ڤێلاسکێز)، هونەرمەندی سەدەی ١٧ی ئیسپانی لە نێوان مانێریستەکان و باڕۆکدا شێوازی سروشتگەراییەکی نوێی جەستەی هێنایە ئاراوە> کە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ هونەرمەندانی باڕۆك. بەتایبەتی لە بەرهەمی ڤینۆسدا. لێهاتوویی ئەو لە وەرگێڕانی گۆشت و ڕووناکی و پێکهاتەدا، فیگەری مرۆڤی گۆڕی بۆ ئامرازێك بۆ واقع و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی. بە جێگیرکردنی جەستە لەناو فەزادا، بە شێوەیەکی نادیار ئایدیاڵە کلاسیکییەکان بەرەو پێشکەشکردنی ڕەخنەگرانەتر و خۆئاگاتر لە جەستە لە هونەردا دەگۆڕێت (Brown,1986,P.132) وەك لە شێوەی (١٦)دا خراوەتە ڕوو. شێوازی پیشاندانی جەستە لە


ڤێلاسکێز، شێوەی(١٦)


ڕۆبنس، شێوەی(١٧)


بێرنینی، شێوەی(١٨)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمی باڕۆکدا گۆڕانی بەسەرداهات، هونەرمەندانی باڕۆک هەوڵیان دەدا جووڵەی جەستە و هەست و دژایەتییە دراماتیکییەکانی ڕووناکی و سێبەر بگرن بۆ ئەوەی بینەران سەرقاڵ بکەن. وەك لە تابلۆی (باچانالیا)ی هونەرمەند (ڕۆبنس)دا دەبنرێت، لە ساڵی ١٩٨٧ دروستکراوە، جەستە لە دۆخێکی ئازادی بێ ڕێگریدا وێنا کراوە، نوقم بووە لە ئاهەنگگێڕان. فیگەرەکان هەستیارن، لە جووڵەکانیان زیادەڕەوی کراوە، هێمای ئازادکردنی هەردوو سنووردارکردنی جەستەیی و سۆزدارییە. جەستەیان لەیەکتردا تێکەڵ دەبن، ڕەنگدانەوەی یەکێتییەکن لەگەڵ سروشت و هێزە سەرەتاییەکانی ئارەزوو. (Blunt,1999,P.84) بڕوانە شێوەی (١٧). هەروەها هونەرمەند (لۆرێنزۆ بێرنینی)، پەیکەرتاشی سەردەمی باڕۆک، بە جووڵە و چڕی سۆزداری، نەریتی کلاسیکی نوێنەرایەتی جەستەیی پێشخست. لە بەرهەمی ئەپۆلۆ و دافنی (١٦٢٢)، جەستەی لە لوتکەی گۆڕانکاریدا پەیکەرسازی کردووە، ئازار و چێژ و هەڵگرتنی خودایی لە مەرمەڕدا بە ڕیالیزمێکی سەرسوڕهێنەرەوە گرتووە. بە پێچەوانەی فیگەرە هێمن و پێکهاتووەکانی کلاسیزمی پێشووتر (Wittkower,1997,P.115) وەك لە شێوەی (١٨)دا خراوەتەڕوو.

هەروەها لەسەردەمی ڕۆکۆکۆدا جەستە ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت زیاتر وەک بەرجەستەکردنی نیعمەت و چێژ و هەستکردن چەمکسازی کراوە. ڕۆکۆکۆکان جەختیان لەسەر پێکهاتەی نەرم و ئینتیمای فەزای کەسی دەکردەوە. جەستەی مرۆڤ ئیتر تەنیا دەفرێکی جوانی ئایدیالیزەکراو نەبوو، بەڵکو هێمای خۆبەخشی و چێژوەرگرتن بوو، هونەرمەندان جەستەیان بەکاردەهێنا بۆ گەڕان بەدوای بابەتەکانی خۆشەویستی و ڕۆمانسیەت و هەڵهاتن. لە ڕۆکۆکۆدا جەستە دوور لە هێماسازی ئایینی و قارەمانانییەتی وێنەکراوە، جەستەی ڕۆکۆکۆ هەستیارە، زۆرجار لە حاڵەتەکانی چێژ ، ئیسراحەت، ڕۆمانسیدا وێنا دەکرێت. جەستە لە دیمەنە ناوخۆییەکان یان ئەفسانەییەکاندا نیشان دەدرێت، ڕووت، دانیشتن، خۆشۆردن ، یان تێکەڵاوبوون لە ڕۆمانسیەتدا، هەروەها ژنان زاڵن بەسەر نیگارکێشانی ڕۆکۆکۆدا. جەستەیان نەرم و کێشراو و زۆرجار لە ڕێگەی تێڕوانینی پیاوەوە وێنا دەکرێت، بە پێچەوانەی باڕۆک، جەستە لە ڕۆکۆکۆ قارەمانانە و مۆنۆمێنتال نییە. یەکێک لە وانە هونەرمەند (ژان ئەنتوان واتۆ) بوو کە جەستەی مرۆڤی لە دۆخی هەستێکی ئینتیما و ئیرۆتیکی وێناکردوە. وەك لە تابلۆکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(سواربوون بۆ سیتێرا*) (١٧١٧)دا دیارە (Friedlaender,1993,P.102-120) بڕوانە شێوەی (١٩). هەروەها هونەرمەند (فرانسوا باوچەر، ١٧٠٣-١٧٧٠) بە بەرهەمە ئیرۆتیکەکانی ناسراوە لە نیگارکێشانی ڕۆکۆکۆدا. تابلۆکانی تیشک دەخەنە سەر ڕووتی مێینەی شەهوەتباز و دیمەنە ئەفسانەییەکان. جەستە دەبێتە شوێنی وروژان، چێژ و خۆشی بینراو. بڕوانە شێوەی


ژان ئەنتوان،شێوەی (١٩)


باوچەر،شێوەی(٢٠)


فراگۆنارد،شێوەی(٢١)


جیۆڤانی،شێوەی(٢٢)

(٢٠). هونەرمەند (ژان ئۆنۆرێ فراگۆنارد، ١٧٣٢-١٨٠٦) بە پێکهاتە گەشاوە و ڕۆمانسی ناسراوە. جەستە بە شێوەی پڕ جووڵە وێنا دەکات کە بێ سنوور لە بۆشیدا ڕۆڵ دەگێڕێت، زۆرجار لە دیمەنەکانی بەدواداچوون بۆ ڕوانگە و ئارەزووی شاراوە دەکات. بڕوانە شیوەی (٢١). هەروەها هونەرمەند (جیۆڤانی باتیستا تیێپۆلۆ) (١٦٩٦-١٧٧٠) هونەرمەندی ڕۆکۆکۆی ئیتاڵی کە بە فرێسکۆ دراماتیکییەکانی سەقف ناسراوە. جەستەی کارەکانی ناسك درێژە ،زۆرجار پڕ جەڵەیەو لە ڕووناکیدا نقوم بوون. وەك لە شێوەی (٢٢)دا دیارە.

لەسەردەمی نیوکلاسیکیشدا تێڕوانینیان بۆ وێنا کردنی جەستە پشتی بە ئایدیاڵە کلاسیکییەکانی سیمیتری و ڕێژە و فۆرمە ئایدیالیزەکراوەکان بەستبوو. هونەرمەندەکانی وەک (جاک لویس داڤید و ژان ئۆگست دۆمینیک ئینگەرس) بە ئیلهام وەرگرتن لە عەقڵانیزمی ڕۆشنگەری، بە وردبینییەکی وردی ئەناتۆمی و قارەمانانە جەستەیان وێناکردووە، بۆ نموونە:

* **تابلۆی سواربوون بۆ سیتێرا":** یەکێکە لە کارەکانی هونەرمەند ژان ئەنتوان واتۆ ساڵی (١٧١٧) و لەسەردەمی ڕۆکۆکۆدا دروستکراوە، فیگەرە ڕەسەنەکان نیشان دەدات، جەستەیان لە پۆزێکدا جێگیرکراون کە هەم سووکایەتی و هەم ئیرۆتیزم ورووژێنن. FRIEDLAENDER, W. 1993. *Rococo and Its Legacy,* New York, Harper & Row. P.102-120

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تابلۆکەی (ناپلیۆن بەزاندنی بەرزاییەکانی ئەلب*) لە ساڵی ١٨٠١، کە لە لایەن (جاك لویس داڤید)ەوە کێشراوە تیایدا جەستە وەک هێمای دەسەڵات وێنا کراوە. جەستەی لە دۆخی سەرکردایەتی و متمانە و کۆنترۆڵ نیشان دەدات، کە ناپلیۆن پێگەی خۆی وەک سەرکردە بەهێزتر دەکات (Honour,1981,P.146). نوێنەرایەتی ئایدیالیزەکراوی جەستەی کە لە بەرامبەر دیمەنێکی دراماتیکدا دانراوە، جەخت لەسەر هێز و ئیرادەی ئەو دەکاتەوە. بڕوانە شێوەی (٢٣).

هەروەها هونەرمەند (ژان ئۆگست دۆمینیک ئینگەرس،١٧٨٠-١٨٦٧) لە نیوکلاسیکدا فۆڕمی جەستەی مرۆڤی ئایدیالیزەکراوی هێنایە ئاراوە. کە لەسەر نەریتی ئەکادیمی ڕاهێنرابوو، پێیوابوو ڕووت دەبێت پاکی و هاوسەنگی و جوانی دەرببڕێت. تابلۆ بەناوبانگەکەی (لا گراندە ئۆدالیسک) لە ساڵی ١٨١٤، لە کاتێکدا لە ڕووی ئەناتۆمیەوە زیادەڕەوی تێدا کراوە، بەڵام جەختی لەسەر ڕەنگینیی و درێژبوونەوە کردووەتەوە بەسەر ڕیالیزمدا. جەستە ڕووتەکانی ئینگەرس هەستیار و دابڕاو بوون، کە ڕەنگدانەوەی ئایدیالی کلاسیکی ئارامیی و کۆنترۆڵ بوون. هەرچەندە لەلایەن هەندێکەوە ڕەخنەی لێگیرا بەهۆی ستایلسازییەکەیەوە، بەڵام کارەکانی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە پاراستنی ئایدیاڵە کلاسیکییەکان لە قوتابخانەی هونەری کلاسیکی نوێدا (Rosenblum,1990,P.76). وەك لە شێوەی (٢٤)دا دیارە.

---

***تابلۆکەی "ناپلیۆن بەزاندنی بەرزاییەکانی ئەلب"**: یەکێکە لە شاکارەکانی هونەرمەندی فەڕەنسی و نیوکلاسیزم جاک لویس داڤید لە ساڵی (١٨٠١)، دروستکراوە، تیایدا جەستەی ناپلیۆن وەک هێمای دەسەڵات وێنەکردوە. لە دۆخی سەرکردایەتی و متمانە و کۆنترۆڵ نیشانی دەدات، جەخت لەسەر هێز و ئیرادەی ئەو دەکاتەوە. HONOUR, H. 1981. *Neoclassicism,* London, Penguin Books.p146

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


ناپلیۆن، جاک لویس داڤید، شێوەی(٢٣)


ژان ئۆگست دۆمینیک ئینگەرس، شێوەی(٢٤)

هاوکاتی نیو کلاسیکەکان، هونەرمەندانی وەك "تیۆدۆر جێریکۆڵت" و "یوجین دێلاکرۆا" ڕابەرایەتی قوتابخانە هونەری ڕۆمانتیکییان کرد، عەقڵانیزمی نیوکلاسیکیان ڕەتکردەوە و لە بەرژەوەندی دەربڕینی سۆزداری و جووڵە و پێکهاتە دراماتیکییەکان بوون. هونەرمەندانی ڕۆمانتیك جەختیان لەسەر گێژاوی ناوەوە و سۆز و سۆزی فۆڕمی مرۆڤ دەکردەوە، زۆرجار جەستەیان لە پۆزی دینامیکی و پشێودا نیشان دەدا کە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونی کەسی و سیاسی بوو. بە پێچەوانەی ئایدیاڵە کلاسیکییەکانی خۆگرتن و ڕێکخستن، جەستەی ڕۆمانسی بە ئاماژەی زیادەڕەوی نیشان دەدرا (Clark,1985,P.233)، بۆ نموونە:

هونەرمەند (تیۆدۆر جیریکۆلت)، بە هێزێکی دراماتیک و تراژیدییەوە لە جەستە نزیک بووەوە. لە تابلۆی (نقومبوونی کەشتی میدوسا ) (١٨١٨-١٩١٩)دا، جەستەی لە دەریادا وێنا کردووە، لاواز، داڕماو، یان بێهیوا، کە ڕەنگدانەوەی بابەتەکانی وازهێنانی سیاسی و ئازارەکانی مرۆڤە. جێریکۆلت، بە سودی وەرگرت لە ئەناتۆمی کلاسیک بەڵام ئایدیاڵەکانی تێکدا، جەستەی وەک شوێنێکی زەبر و مردن وێنا کرد. لێکۆڵینەوەکانی لە تەرم و گرنگیدان بە پەناگەییەکان جەختی لەسەر ناسکی فۆڕمی مرۆڤ دەکردەوە، ئەمەش وایکردووە کارەکانی ببێتە پردێکی سەرەکی لە نێوان پێکهاتەی ڕۆمانتیك و ڕیالیزمی مۆدێرن (Eitner,1983,P.143) بڕوانە شێوەی (٢٥).

هەروەها لە (تابلۆی ئازادی*) هونەرمەند (یوجین دێلاکرۆا)، کە ساڵی ١٨٣٠ دروستکراوە. بەڕوونی دیارە کە فیگەری ئازادی بە بەهێز و دراماتیکەوە نیشان دەدات، جەستەی لە دۆخی

***تابلۆی ئازادی:** یەکێکە لە شاکارەکانی هونەرمەندی فەرەنسی یوجین دێلاکرۆا کە ساڵی (١٨٣٠)دروستکراوە. خەباتی شۆڕشی فەرەنسا نیشاندەدات. بەکارهێنانی جەستەی مرۆڤ، دێلاکرۆوادا هێمای بەرەنگاریی سیاسی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشێو و لەهەمان کاتدا سەرکردایەتی جێگیرکراوە. کەسایەتییەکانی دەوروبەری لە حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی جووڵە و سۆزدا نیشان دراون (Turner,1999,P.75-92)، وەك لە شێوەی (٢٦)دا دیارە.



میدۆسا، جێریکۆڵت، شێوەی (٢٥)



تابلۆی ئازادی، دێلاکرِوا، شێوەی(٢٦)

بەکارهێنانی جەستەی مرۆڤ لە ڕۆمانتیکدا نەک تەنها بەرەنگاریی سیاسی بەڵکو بۆ هێزی ڕۆحی مرۆڤ لە بەرامبەر ململانێ و گۆڕانکاریدا هێمایە.

### ٣. بەکاربردنی جەستە لە مۆدێرنیزمدا:

مۆدێرنیزم گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردن و چەمکسازیی جەستەی مرۆڤ لە هونەردا بەدیکرد، لە ئایدیاڵە کلاسیکییەکان جیابووەوە و وێناکردنی سۆزداری و سیاسی جەستەی لە ئەستۆ گرت. لەگەڵ گواستنەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی هەڵچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنەلۆژییە بەرچاوەکانەوەو لە ڕێگەی بزووتنەوەکانی وەك: ڕیالیزم، ئیمپرێشنیزم، کوبیزم، فۆڤیزم، سوریالیزم.. هتد. نوێنەرایەتی جەستە بە شێوەیەکی سەرنجراکێش پەرەی سەند. هونەرمەندان زیاتر جەستەیان بەکاردەهێنا بۆ گەڕان بەدوای پرسی ناسنامە، زەبر و زەنگ، قووڵایی دەروونی و نامۆبوونی کۆمەڵایەتی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزییە وجودییەکانی ژیانی مۆدێرنەیە (irzoeff,1995,P.6–11). وێناکردنە مۆدێرنیستەکان لەبری ئەوەی وەک

هێزی ڕۆحی مرۆڤ لە بەرامبەر ململانێ و گۆڕانکاریدا TURNER, J. 1999. *Romanticism,* London, Phaidon Press.p.143

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێمای خودایی یان کامڵبوونی جوانیناسی خزمەت بکەن، جەستەیان وەک پانتاییەك بۆ دەربڕینەکانیان خستە ڕوو. ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئایدیاڵە نەریتییەکانی جوانی و کردنەوەی ڕێگای نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی بوونگەرایی، تاقیکردنەوەی هونەری و ڕەخنەگرتن لە نۆرمەکانی کولتووری بوو.

هونەرمەندانی مۆدێرن فۆڕمی جەستەییان بەکارهێنا بۆ بەرەنگاری چەمکە دامەزراوەکانی نوێنەرایەتیکردن، کە باسیان لە پرسە ڕەخنەییەکانی تاک بەرامبەر ناسنامەی بەکۆمەڵ دەکرد. لە ئەنجامدا جەستە لە بابەتێکی تەنها سەرسامی بینراوەوە گۆڕا بۆ شوێنێکی چالاک لە چەوساندنەوە، جۆرێك لە نارەزایی و خەباتی سیاسی و گوتاری چەمکی، بە شێوەیەکی کاریگەر سنوورە نەریتییەکانی نێوان سوژە و ئۆبژە، ئامادەبوون و ئەنجامدان هەڵوەشاندەوە (Miller,2022,P.102).

بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی یەکەمین هونەرمەندانی مۆدێرن بەڵام زۆر بەیان لە سەر ئەوە کۆکن هونەرمەند (فرانسیسکۆ گۆیا)، وەک پێشەنگێک بۆ مۆدێرنیزم سەیر دەکرێت، ئەمەش لە کتێبی (هونەری شێوەکاری مۆدێرن)ی نووسەر (گارا ڕەسوڵ) بەتەواوی باسی لێوەکراوە نووسەر پێی وایە کە مێژووی هونەری مۆدێرنە لە گۆیاوە دەست پێدەکات تاکو سوریالیزم، دواتر پۆست مۆدێرنە دەست پێدەکات. ئەو پێی وایە گۆیا لە یەکەم کەسەکان بوو کە جەستەی مرۆڤی وەک ئامرازێکی دەربڕینی سیاسی و قووڵایی دەروونی بەکارهێنا (گارا,٢٠٠٥,ل.٥٨). زنجیرەی کارەساتەکانی جەنگ (١٨١٠-١٨٢٠) کە جەستەی بڕاو و پێشێلکراوی نەک وەک کەسایەتی قارەمان بەڵکو وەک قوربانی توندوتیژی وێنا کردووە، کە ترسناکییەکانی شەڕ و ناسکی فۆڕمی مرۆڤی ئاشکرا کردووە. لەم چەسپاندنانەدا جەستە لەیەکتر دەدڕێت و دەپێچرێتەوە و ئەندامەکانی جەستە دەبڕدرێت، کە بە شێوەیەکی کاریگەر نامرۆڤایەتییەکانی ململانێی سیاسی دەردەبڕێت. کارەکانی گۆیا ڕێگەی خۆشکرد بۆ هونەرمەندانی مۆدێرنیستی دواتر کە بەردەوام دەبن لە گەڕان بەدوای جەستەدا وەک شوێنی ئازار و بەرخۆدان، بە تایبەتی لە زنجیرە کارە گرافیکییەکانی کە بە "کاپریچۆ" ناسراوە. وەك لە شێوەی (٢٧)دا خراوەتە ڕوو. وە یەکێکی تر لە پێشەنگەکانی مۆدێرنە هونەمەند (گۆستاڤ کۆربێ) یە، لای ئەو جەستە نەک وەک لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بەڵکو وەک واقیعێکی کۆمەڵایەتی و ماددی هاتەوە ناو ستۆدیۆکەی. لە تابلۆی سەرچاوەی جیهان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(١٨٦٦).کۆربێت، جەستەی لە فیزیکییەتی خۆیدا زەمینەسازی کردووە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە کار و سێکسەوە. بە ڕەتکردنەوەی چوارچێوەی ئەفسانەیی یان ئایینی، یاخود نیوکلاسیک و ڕۆمانتیك، ڕیالیزمی نوێی دامیزراند کە تیایدا جەختی لەسەر ڕاستی ئەزموونی جەستەیی ژیاو دەکردەوە (Nochlin,1971,P.122). بڕوانە شێوەی (٢٨)، ڕێبازە ڕیالیزمەکەی ڕووتی چینی کرێکار و مێینەی بە شێوەیەک خستەڕوو، کە بەرەنگاری چینی بۆرژوازییەکانی دەکرد و کارەکانی ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی مۆدێرنیزم. هەروەها هونەرمەند (ئیدوارد مانێت)، کە بە هونەرمەندێکی ئیمپریشینیزم دەناسرێت وەك پێشەنگەکانی مۆدێرنە زیاتر شۆڕشی لە ڕۆڵی جەستەدا کرد. لە تابلۆی خوانێك لەسەر سەوزایی (١٨٦٣)، لە ڕێگەی ڕووتی پاڵکەوتووی فیگەرە ژنەکانی ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە نیگای چینی سەرمایەدار دەگرێت بۆ ئیستغلالکردنی جەستەیی چینی هەژار. جەستەی ئەو ئایدیالیزە نییە بەڵکو بە ڕیالیزمێکی توندەوە وێنا کراوە وەك لە شێوەی (٢٩)دا خراوەتە ڕوو. (Clark,1985,P.78). بەکارهێنانی جەستە لەلایەن مانێتەوە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە گۆڕینی نیگارکێشانی ستۆدیۆ بۆ فەزای ڕەخنەگرانە کە تێیدا لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر بە ڕەگەز و چین بکرێت،

دوا بەدوای ئەم هونەرمەندانەی باسمان کرد چەند هونەرمەندێکی دیکەش ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە دووبارە وێناکردنەوە ئەرکدارکردنی جەستە، یەکێك لەوانە هونەرمەند (پۆڵ سیزان)ە کە ڕێبازەکەی بۆ جەستە لە ڕیالیزم جیا بووەوە، ئەو بەدوای پێکهاتە و ئەندازەیی و تێگەیشتندا دەگەڕا. لە بەرهەمەکانی وەک (هەڵپەرکێ کار) لە ساڵی١٨٨٥دا، جەستە دەبێتە ڕێکخستنی ڕەنگ و قەبارە، کورتکراوەتەوە بۆ فۆرمەکانی جەوهەری و لەگەڵ ئەوەشدا کێش و بوونی هەستپێکراوی دەپارێزێت بڕوانەی شێوەی (٣٠)، (Rewald,1986,P.39). سیزان هەوڵی دەدا


گۆیا، شێوەی (٢٧)


کۆربێت، شێوەی (٢٨)


مانێت، شێوەی (٢٩)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەستە وەک دیاردەیەکی گۆڕاو کە بە تێپەڕبوونی کات چاودێری بکات. مامەڵەی ئەو لەگەڵ جەستەدا کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتووی مۆدێرنیستەکان هەبوو، لەوانەش پیکاسۆ و ماتیس، بە خۆشکردنی ڕێگەی بۆ ئەبستراکتکردن لە هەمان کاتدا پاراستنی پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ فۆڕمی جەستەیی.

لەم چوارچێوەیەشدا بەدواداچوون بۆ کاری ئەو هونەرمەندانە دەکەین کە دەستکاریکردنی جەستەیان بەکارهێناوە بۆ بەشداریکردنی ڕەخنەگرانە. هەریەکەیان بەشێوەیەك و بە مەبەستێك ئەم کردەیەی جێبەجێکردوە بۆ ئەوەی جەستە بکەنە ڕایەڵەیەکی بەهێز و زۆر ڕاستەوخۆ بە بەشداری کردن لەگەڵ ئەو پرسانەی کە جێگەی مشتومڕە بۆ نموونە: هونەرمەند (جینا پانێ) هونەرمەندێکی فەرەنسی کە بە کارە پێشەنگەکانی لە بواری هونەری جەستەدا ناسراوە، ئازاری خۆبەخشی وەک ڕێگەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسە کۆمەڵایەتی و وجودییەکان بەکاردەهێنا. لە بەرهەمی Action Psyche (1974)دا، پانێ بە شێوەیەکی میتۆدی خۆی بریندار کردووە بە بەکارهێنانی تیغی ڕیشتاشی، لەبەردەم بینەرێکدا بە شێوەیەکی کلینیکی و ڕێوڕەسمی نمایش دەکات. ئەم کردەوانە بۆ وروژاندنی هاوسۆزی و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران لەگەڵ ناسکی جەستەی مرۆڤ و واقیعی ئازارەکان داڕێژراون (Warr,2000,P. 94). بڕوانە شێوەی (٥٦). کارەکانی پانێ سەرنجی خستە سەر سیاسەتی بەرجەستەکردنی مێینە، ئایکۆنۆگرافیای کاسۆلیکی و قوربانیدان، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە چۆن گۆڕینی جەستە دەتوانێت وەک فۆرمێکی ڕیشەیی پەیوەندیکردن.

هەروەها هونەرمەند (ستێلارک)یش لە بەرهەمی (گوێ لەسەر قۆڵ) ١٩٩٦، بریتی بوو لە چاندنی نەشتەرگەری گوێیەکی چێنراوی خانەیی لە قۆڵی چەپیدا، کە بەنیازی ئەوە بوو وەک ئامێرێکی گوێگرتن لە دوورەوە بەکاریبهێنێت. ستیلارک پێی وایە جەستە بەسەرچووە و دەبێت لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە درێژ بکرێتەوە. کارەکانی ڕەخنە لە سنوورەکانی ناسنامەی مرۆڤ دەگرێت بە پێشنیارکردنی ئەوەی کە جەستە تادێت ڕووکار و بەرزتر و نێوەندگیری دەکرێت (Stiles,2009,P.85). بڕوانە شێوەکانی (٥٧). لە ڕێگەی گۆڕینی نەشتەرگەری و ئەلیکترۆنیەوە، ستێلارک جەستە وەک ڕووکارێکی دوای مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن و ئەنجامدان دووبارە خەیاڵ دەکاتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەند (ئۆرلان*) یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی هونەری دەستکاریکردنی جەستە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٣ زنجیرەیەک نەشتەرگەری جوانکاری بۆ ئەنجامدرا وەک بەشێک لە پرۆژەی جەستەی دووبارە لەدایکبوونەوەی سانت ئۆرلان. نەشتەرگەرییەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەخشکرا، دەموچاوی گۆڕدرا، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی ژنانی ئایکۆنی لە مێژووی هونەری رۆژئاوادا لەخۆبگرێت. ئۆرلان بە بەکارهێنانی نەشتەرگەری بۆ وێرانکردنی مێینەیی، بەرەنگاری ئایدیاڵەکانی جوانی و تێڕوانینی پیاوی کرد. جەستەی بوو بە کانڤاس و دەقێکیی رەخنەیی، رووبەڕووی بینەران بووەوە لەگەڵ کاڵاکردن و بنیاتنانی رەگەز. (Jeffries,2004,P.78). وەک لە شێوەی (٥٨)دا خراوەتە روو.


جینا پانێ، شێوەی (٥٦)


ستێلارک، شێوەی (٥٧)


ستێلارک، شێوەی (٥٨)

دەستکاریکردنی جەستە دەتوانێت وەک ستراتیژییەکی هونەری رادیکاڵ و قووڵ بێت. بە گۆڕینی جەستەیان لە رێگەی نەشتەرگەری، چاندن، برین، یان تێکەڵکردن، بەرەنگاری نۆرمەکانی کولتووری دەکەن و پێناسە دەکەنەوە کە ژیان و هەستکردن و ئەنجامدان لە جەستەیەکدا مانای چییە. جەستەیی دەتوانێت کردەوەیەکی ئینتیمی و سیاسی و چەمکی بێت لە دروستکردنی هونەریدا.

***ئۆرلان:** ئۆرلان، هونەرمەندێکی هاوچەرخە، لە بواری مالتیمیدیا و نمایشدا. ١٩٤٧ لە فەرەنسا لەدایکبووە. بەناوبانگە بە گەڕانە وروووژێنەرەکانی لە ناسنامە و جەستە و نۆرمەکانی کۆمەڵگا. ئەو کۆمەڵێک میدیای جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت، لەوانە پەیکەرسازی، فۆتۆگرافی، نمایش، ڤیدیۆ، واقیعی زیادکراو، زیرەکی دەستکرد و بایۆتەکنەلۆژیا، بۆ بەرەنگاری تێڕوانینە ئاساییەکان بۆ فۆرم و مێینەیی مرۆڤ .p.78 JEFFRIES, S. 2004. ORLAN: This is My Body... This is My Software, London, Black Dog Publishing.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٥. جەستە لە هونەری فێمینیستیدا:**

هونەری فێمینیست بە قووڵی چەمکسازی جەستەی لە پراکتیکە هونەرییە هاوچەرخەکاندا دارشتووە. جەستە نەک تەنها وەک سوبێکتێکی بینراو بەڵکو وەک ئامرازێکی بارگاویکراوی سیاسی بۆ بەرخۆدان و دەربرین جێگیر کردووە. لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو سەریان هەڵدا، دەستپێوەردانەکانی فێمینیست دەستیان کرد بە رووبەرووبوونەوەی گێرانەوەی باڵادەست کە لەلایەن پیاوسالاری، کۆلۆنیالیزم و هێتێرۆنۆرماتیڤییەوە لە قاڵب دراون. ناوەندی ئەم بەرەنگارییانە، وەرگرتنەوەی جەستە بوو، جەستەیەک کە لە مێژە تووشی بابەتیکردن و کاڵاکردن و وەدەرنانی بوو. هونەرمەندان فێمینیست دەستیان کرد بە جەختکردنەوە لەسەر کۆنترۆڵکردنی چۆنێتی نوێنەرایەتیکردن و هەستکردن و بەشداریکردنی جەستە، بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ رەگەز، سێکس و ناسنامەدا. ئەم وەرچەرخانە ستراتیژییە بەرەو بەرجەستەبوون شۆرشگێرانە بوو. ئیتر فۆرمی مێینە پاسیڤ و دیکۆراتی نەبوو؛ بەڵکو بوو بە شوێنی رەخنە و گۆرانکاری و بینین. جەستە بە شێوازی نوێ و رادیکاڵ لە رێگەی نمایش، فۆتۆگرافی، ئینستەڵەیشن و ڤیدیۆوە کۆدەکرایەوە، زۆرجار رووبەرووی بینەر بووەوە لەگەڵ واقیعی نائارام، ئینتیمی، یان سیاسی. هونەری فێمینیست ئەو شتانەی کە دەتوانرێت لە رێگەی جەستەوە پیشان بدرێت و بگوترێ، پێناسەی کردەوە، جا بە گەران بەدوای سێکسوالیتە لە دەرەوەی سنووری پیاوسالاری، رەتکردنەوەی نۆرمەکانی جوانی، یان جەختکردنەوە لەسەر بوونی ناسنامە پەراوێزخراوەکان.هونەری فێمینیست سەرنجی بۆ ئەو ئەزموونە ژیاوە راکێشا کە لەسەر جەستە نووسرابوو ئەزموونێک کە بەهۆی رەگەز، چین، توانا و جیۆپۆلەتیکەوە لە قاڵب دراوە (Jones,1998,P.45). بانگەشە گشتگیرەکانی تێکدا و جەختی لەسەر فرەیی واقیعە بەرجەستەکراوەکان دەکردەوە. جەستە نەک هەر بوو بە سەرچاوەی سوبژێکتیڤ بەڵکو بووە میدیایەک بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو و وەرگرتنەوەی دەزگای کولتووری و رووبەرووبوونەوەی سیستەمەکانی ستەمکاری. هونەرمەندان فێمینیست لە رێگەی کردەوەی لاوازی و سەرپێچی و بەرگەگرتنەوە جەستەیان لە نەبینین و بێدەنگی وەرگرتەوە. لەم چوارچێوەیەدا جەستە لە یەک کاتدا وەک ئەرشیف و گۆرەپانی شەر و مانیفێست کاردەکات. ئاشکرا دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە، برینەکان ئاشکرا دەکات و بەدیلەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەیاڵ دەکات. هونەری فێمینیست بەردەوامە لە بەکارهێنانی جەستە بۆ پرسیارکردن لە ناسنامە جێگیرەکان و تەحەدای ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان. ئینستەڵەیشنی خانمە هونەرمەند (جودی شیکاگۆ*) بەناوی ئاهەنگی ئێوارە (١٩٧٩) هێمای کۆکردنەوەی فێمینیستە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی کۆئەندامی زاوزێ و شوێنی چەرمەسەری تایبەت بە ژنان لە مێژوودا، شیکاگۆ بەرەنگاری سڕینەوەی بەشدارییەکانی ژنانی لە هونەر و کولتووردا کرد. کارەکە سێکسییەتی مێینە و دەزگای مێژوویی وەردەگرێتەوە بە بەکارهێنانی زمانێکی بینراوی ئاهەنگگێڕان کە ڕەگ و ڕیشەی لە جەستەی مێینەدا هەیە . بڕوانە شێوەی (٥٩)، (Chicago,1997,P.122). بەکارهێنانی تەکنیکەکانی پیشەسازی کە بە شێوەیەکی نەریتی وەک (کاری ژنان) ڕەت دەکرایەوە، جیاوازییە پلەبەندییەکانی لە هونەردا زیاتر تێکدا. کارەکانی وەک ئەرشیفێکی جەستەیی کاردەکەن، بە شێوەیەکی ڕەمزی ئەوەی کە لە ڕووی مێژووییەوە سەرکوتکراون، دەگەڕێنێتەوە

زنجیرەی سیلویتا (١٩٧٣-١٩٨٠)ی خانمە هونەرمەند (ئانا مێندیتا*) نوێنەرایەتی تێکەڵەیەکی قووڵی کەسی جەستە و زەوی دەکات. مێندیتا جەستەی خۆی یان شوێنەوارەکەی لە دیمەنە سروشتییەکاندا چەسپاند بە بەکارهێنانی خوێن و ئاگر و ماددە ئۆرگانییەکان بۆ بابەتی ئاوارەبوون و دەربەدەربوون و گەڕان بەدوای سەربەخۆیی. کارە کاتیەکانی پەیوەست بە ڕۆحانییەتی ڕەسەن و پەیوەندی ژنانە بوون بە سروشتەوە، جەستەیان نەک تەنها لە پیاوسالاری

*جودی شیکاگۆ: هونەرمەند و پەروەردەکار و نووسەرێکی پێشەنگی فێمینیستە ئەمریکییە. لە ١٩٣٩ لەدایکبووە، بەناوبانگە بە ئینستێلاسیۆنە هاوبەشە بەرفراوانەکانی، بەشدارییەکی بەرچاوی لە هونەری هاوچەرخدا کردووە بە پێشخستنی ئەزموون و مێژووی ژنان CHICAGO, J. 1997. *Beyond the Flower: The Autobiography of a Feminist Artist,* New York, Penguin Books.

*ئانا مێندیتا: هونەرمەندێکی هاوچەرخی کوبا-ئەمریکی بوو، لە هاڤانا لەدایکبووە، (١٩٤٨- ١٩٨٥) بە کارە بەهێز و وەسوەسەئامێزەکانی ناسرابوو کە بەدواداچوون بۆ ناسنامە و جەستە و سروشت و فێمینیزمی دەکرد.ئەو پراکتیزەیەکی ناوازەی پەرەپێدا بە ناوی هونەری زەوی-جەستە، جەستەی خۆی لە شوێنە سروشتییەکاندا بەکارهێنا- لە قوڕ و خۆڵ و چیمەندا چەسپاندنی- وەک لە زنجیرە ئایکۆنییەکەی سیلۆیتا (1973-1980)دا بینرا. ئەم بەرهەمانە هێمای پەیوەندییەکەی بوون بە زەوی و دەربەدەری و ژنایەتییەوە ( BLOCKER, J. 1999. *Where is Ana Mendieta? Identity, Performativity, and Exile,* Durham, Duke University Press.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵکو لە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم وەرگرتەوە بڕوانە شێوەی (٦٠) (Blocker,1999,P.84). ڕێوڕەسمە نمایشییەکانی غیاب و ئامادەبوونی مێندیتا جەختیان لەسەر جەستە دەکردەوە وەک پردێک لە نێوان یادەوەری کولتووری و ناسنامەی سیاسیدا. نمایشە ڕادیکاڵەکانی هونەرمەند (ڤاڵی ئێکسپۆرت*) لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە نەمسا جەستەی مێینەی خستە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ فەزای گشتی و بینەر. لە کارێکیدا بە ناوی پۆرترێت و نمایش (١٩٧٣)، ڤالی، جەستەی ڕووتی بە دەقی قەڵەم بە سپرا بۆیاخ کردووە و دواتر بە دیوارێکی گەلەرییەکەوە فشاری خستووە و جێپەنجەیەکی زیندوو لەسەر جەستە و وشەکانی بەجێهێشتووە. بڕوانە شێوەی (٦١)، (Isaak,1996,P.57). ئەم کردارە پێستی گۆڕی بۆ هەردوو کانڤاس و مۆر، ڕەخنەی لە نوێنەرایەتی میدیا گرت و فۆڕمی مێینەی وەک نیشاندەرێکی جەختکەرەوە وەرگرتەوە. (شیرین نەشات) هونەرمەندێکی ئێرانی کە لە دەربەدەریدا کاردەکات، باس لە یەکتربڕینی ڕەگەز، دەسەڵات و شوناسی کولتووری لە جیهانی ئیسلامیدا دەکات. لە بەرهەمەکانی وەک ژنانی خوا (١٩٩٣-١٩٩٧)دا، نەشات وێنەی پەردەپۆشکراوی فیگەرە ژنەکان دەگرێت کە بە خۆشنووسی فارسی و وێنەی چەکدا پۆشراون. جەستەی پەردەپۆش هەم دەبێتە


جودی شیکاگۆ، شێوەی (٥٩)


ئانا مێندیتا، شێوەی(٦٠)



ڤاڵی ئێکسپۆرت،شێوەی(٦١)


شیرین نەشات،شێوەی(٦٢)

*ڤاڵی ئێکسپۆرت: هونەرمەندێکی پێشەنگی نەمساییە، لە ١٩٤٠ لە نەمسا لەدایکبووە، و بە نمایشە گشتییە وروووژێنەرەکانی و کارە سینەماییە فراوانکراوەکانی بەناوبانگە. پراکتیزە هونەرییەکەی بریتییە لە ئینستتەلەیشنی ڤیدیۆیی، ئەنیمەیشنی کۆمپیوتەر، فۆتۆگرافی، پەیکەرسازی و بڵاوکراوەکان کە هونەری هاوچەرخ دەگرێتەوە. بە درێژایی ژیانی پیشەیی خۆی، کەسایەتییەکی دیار بووە لە هونەری فێمینیستدا، کە جەستە و دەستێوەردانەکانی میدیایی بەکاردەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی ناسنامە، ڕەگەز و سیاسەتی جەستە. ISAAK, J. 1996. *Feminism and Contemporary Art: The Revolutionary Power of Women's Laughter,* London, Routledge.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێمایەکی سیاسی و هەم ڕووبەرێکی شیعری بۆ شوناسە چیندارەکان. نەشات لەبری ئەوەی لە ڕێگەی ڕووتییەوە جەستە ڕزگار بکات، لە ڕێگەی شاردنەوە و بەرگی کۆدکراوەوە بەهێزی دەکات. کارەکانی جەستەی مێینەی ئیسلامی لە گێڕانەوەی ڕۆژئاوایی و پیاوسالاری بە هەمان شێوە وەرئەگرێتەوە (abashi,2001,P.191) وەك لە شێوەی (٦٢)دا خراوەتە ڕوو.

دەبینین جەستەی فێمینیست لە هونەری هاوچەرخدا وەک شوێنێکی سەربەخۆیی و ڕەخنە و بینین سەرهەڵدەدات. جا چ لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەوە بێت، چ بەرەنگاربوونەوە بێت، یان نوێنەرایەتیکردن بێت، ئەم ڕەوتە نۆرمەکانی سەپێنراو هەڵدەوەشێنێتەوە و مۆدێلی نوێی سوبژێکتیڤیتی بەرجەستەکراو پێشکەش دەکات. بەکارهێنانی فێمینیستانەی جەستە سنوور و دووانەیی تێدەپەڕێنێت، جەخت لەسەر فرەیی ئەزموونە ژیاوەکان و توانای هونەر دەکاتەوە بۆ گۆڕینی تێڕوانینە کولتوورییەکان بۆ ڕەگەز و ناسنامە.

## ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

پاش گەڕان بە شوێن چەمک وگرنگی جەستە لە تەوەرەکانی بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، توێژەر کۆمەڵێک ئاماژەی بەدەستهێنا کە بریتین لە چەند یەکەیەک بۆ شرۆڤەی نموونەکانی توێژینەوە لە بەشی سێهەمدا، هەروەها دەکرێت ئاماژەکان توخمێکی هاوکاربێت بۆ توێژەر بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەرکی جەستەی مرۆڤ لە هونەری هاوچەرخ وەک بابەتێکی سەرەکی (گوتاری جەستە) یان جەستە وەکو ناوەندی میدیایی. لێرەدا چەند پێوەرێکی بنەڕەتی دەخەینەڕووە:

1. وێنەی جەستە وەکو نوێنەرایەتی جەستەی فیزیکی مرۆڤ جەستە بە شێوەیەکی ڕستەیی وێنا دەکرێت لە ڕێگەی شێوازە باوەکانی شێوەکاری پەیکەرسازی، نیگارکێشان، فۆتۆگراف و هتد. ڕەنگە لەم شێوازانە هونەرمەندان کار لە سەر لاسایی جەستە بکەنەوە وبەدواداچوون بۆ ئەناتۆمی جەستە بکەن وەک ئاماژە بۆ دۆخەکانی جەستەی مرۆڤ بە مەبەستی گوزارشت لە بابەتی کارە هونەرییەکە.
2. جەستە وەکو ناوەند (Medium) هونەرمەند جەستەی خۆی وەک ئامرازێک یان بابەتێک بەکاردەهێنێت (باوە لە هونەری نمایش، هونەری جەستە، یان هونەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڤیدیۆیی) .نموونە لەوانە هونەری بەرگەگرتن یان ئەو کردارانەی کە سنوورە جەستەییەکان تاقی دەکەنەوە.

3. جەستە فاکتەرێکە بۆ گەڕان بەدوای ناسنامە دەکرێت کاری هونەری لە ڕێگەی نوێنەرایەتی جەستەییەوە باس لە ڕەگەز، سێکس، جیندەر، تەمەن، یان توانای جەستەیی بکات، لێرەدا جەستە فاکتەرێکە بۆ گەڕان بەدوای پرسیارە بێ کۆتاکان سەبارەت بە چەمکی ناسنامەی کولتووری یان ناسنامەی کەسایەتی هونەرمەند.
4. کاڵبوونەوەی جەستە (پارچەپارچەبوون یان وێرانبوونی جەستە) وەرگرتنی بەشێک یان پارچەیەک، ئەندامێک لە جەستەی مرۆڤ دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی شێوەی جەستە و لەدەستدانی قەوارەی سەرەکی پێکهێنانی جەستە، کەواتە هەڵوەشاندنەوەی بەشەکانی جەستە نیشان دەدرێت بە شێوەی دیجیتاڵی بێت یان وەک بنیاتێکی دروستکراو کە بە جۆرێک جەستە دەگۆڕدرێت وبە شێوەیەکی ناتەواو دەخرێتەڕوو. ئەمەش بە هۆی ڕەنگدانەوەی بابەتەکانی جەنگ وململایەتی نێوان پارتە جیاوازەکان کە دەبێتە هۆی نامۆبوون، زەبر و زەنگ وناتابایی مرۆڤایەتی.
5. جەستە وماتریاڵ وکارلێککردن لە نێوان جەستەی هونەرمەند وجەستەی بینەر جەستە دەبێتە ماتریاڵی سەرەکی کاری هونەری هاوچەرخ نەک تەنها وەکو بوونێکی فیزیکی ئامادە لە شوێن و کاتی نمایشدا ، بەڵکۆ لە ڕێگەی بەستنی پەیوەندی بە جەستەی ئەویتر (جەستەی بینەر) کە ئەویش خۆی سەرقاڵ دەکات و دەبێتە بەشێکی کارە هونەرییەکە.
6. جەستە و تەکنەلۆژیا یەکخستنی جەستە لەگەڵ میدیای دیجیتاڵی، واقیعی مەجازی، یان هونەری بایۆلۆجی. بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی وەک سایبۆرگ، چاودێری، یان بایۆتێکنۆلۆژی دەکات.
7. جەستە وشرۆڤەی کولتووری یان سیاسی جەستە دەبێتە هێمایەک بۆ فراوانەکردنی پرسە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان وەک کۆنترۆڵکردنی جەستە، چەوساندنەوە، ئازادی، یان نارەزایەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بـــەشی سێیەم

### ڕێکارەکانی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێک هاتووە لە چەند کارێکی هونەریی هونەرمەندانی جیهان کەلە سنووری جەستە لەمێژوو و کاریان کردووە بەتایەبیەتی فۆکس خراوەتە سەر هونەری هاوچەرخ و جەستە لە دەرەوەی بازنەی نیگارکێشاندا. لەم توێژینەوەیەدا چەند هونەرمەندێک بەمەبەست وەرگیراون کە پێک هاتوون لە (٥٤) هونەرمەند لە تەوەری یەکەم و دووەمدا هەروەها کاری (٢) بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردن هەڵبژێردراوە بە پێی سنووری توێژینەوەکە کە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٩٨٠، لەسنوری جوگرافی (ئەمریکا-ئەورووپادا)دا.

### تەوەری دووەم: کەرەستە و ئامرازەکانی توێژینەوە

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە کۆمەڵێک کەرەستە و ئامرازی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتی توێژینەوە بەکارهاتووە، لە دیارترینیان: (پشت بە ستن بە چوارچێوەی تیۆری ئەنجامەکان، پشت بەستن بە کتێب و سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی ئەوانەی دەربارەی جەستە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، شت بەستن بە ژمارەیەک لە کەتەلۆگی پێشانگەکان، پشت بەستن بە سەرچاوەی ئینتەرنێت، گۆڤارە هونەرییەکان، پشتبەستن بە توویژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو.)

### تەوەری سێیەم: میتۆد و جێبەجێکردنی توێژینەوە

بۆ ئەم توێژینەوەیە (میتۆدی شیکاری وەسفی) بەکارهێنراوە، بەهۆکاری ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە و دەگونجێت لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا.

### تەوەری چوارەم: نموونەی توێژینەوە

لەم تەوەرەدا وەك نموونەی توێژینەوەکە کاری دوو هونەرمەندی هاوچەرخ (وەسف-چاوپیاخشاندن و ڕاڤەی) بۆ دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە بەرهەمی(Trans fixed)، کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن هونەرمەند (کریس بێردن)ەوە جێبەبیکراوە، لەگەڵ بەرهەمی (درەختی ژیان) کە لە لایەن هونەرمەند (ئانا مێندێتا)ەوە جێبەجێکراوە.



**شیکردنەوەی نمونەکان:**

**نمونەی: یەکەم**

ناوی کارە هونەرییەکە: سەرسامکەر

ناوی هونەرمەند: کریس بێردن

ساڵی بەرهەمهێنان: ١٩٧٤

کەرەستە: جەستە، ئۆتۆمبێل، بزمار

شوێن: لە ڕێگایەکی تایبەتی هاتووچۆ، لۆس ئەنجلۆس

میدیای بەکارهاتوو: هونەری نمایشی (پێرفۆڕمانس)

**چاوپیاخشاندن:** ئەم وێنە ڕەش و سپییە پێکهاتووە لە دوو ئۆبژێکتی جیاواز (جەستە و ئۆتومبێل) لە سەنتەری وێنەکە بە جۆرێک جێگیرکراوە کە ڕاستەوخۆ سەرنجی بینەر ڕووبەڕووی بابەتەکە دەبێتەوە، لە ناوەڕاستی وێنەکەدا، جەستەی پیاوێکی نیمچە ڕووت دەردەکەوێت (بێ کراس) کە لەسەر بەشی پشتەوەی ئۆتۆمبێلێکی کلاسیک لە جۆری ڤۆڵکسواگن (بیتڵ) پاڵکەوتووە، دۆخی فیگەرەکە ئاماژەیە بۆ لە خاچدانی جەستە بە هۆی جوڵەی قۆڵەکانی کە درێژکراون بەلای ڕاست وچەپ بەشێوەیەکی سیمیتری، ئاڕاستەی سەری فیگەرەکە کەمێک بەرەو سەرەوە دەڕوات وقاچەکانی پێکەوە جووتبوون و لەسەر دەعامی ئۆتۆمبێلەکە جێگیر بوون، مەیلی جەستەکە لەم شێوەیەدا هاوتایەکی بینەیی و هێمادار دروست دەکات هاوشێوەی ئایکۆنۆگرافیا ئاینییەکان.

پۆزی بێردن لە شێوەی عیسا مەسیح و کردەی بزمارکردن بە ئۆتۆمبێلێکەوە دەبێتە هۆی وروژاندنی دیمەنێکی ئایینی هاوشێوەی قوربانیدان و ئازارەکانی مەسیح. بەڵام خودی هونەرمەندەکە کاسۆلیک نەبووە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە مەرج نییە کارەکە لێدوانێکی

ئایینی ڕاستەوخۆی هەبێت. دەکرێت شرۆڤەیەک بێت بۆ بابەتی ئازار و قوربانی، یان ڕەنگە مەبەستی بێ بەهابوونی جەستەیە و لەدەستدانی مانا ڕۆحییەکان بێت لە جیهانێکی پۆست مۆدێرنی خێرا و میکانیزمکراودا.

**شرۆڤە:** لە ڕووی ئایکۆنۆگرافییەوە، لە خاچدانی عیسا مەسیح و ڕێوڕەسمی بنەڕەتی باوەڕیی مەسیحی نیشان دەدات، لە کاتێکدا لە ڕووی هێماسازییەوە نوێنەرایەتی هەستێکی قووڵی ڕزگاربوون و لێبوردن و میهرەبانی و هیوا دەکات، هونەر و کولتوری پۆست مۆدێرن سەرهەڵدانی وێنەی لە خاچدانیان بەخۆیەوە بینیوە کە بەکاردەهێنرێن بۆ دەربڕینی لێدوان کە پەیوەندییان بە ئایکۆنۆگرافیای مەسیحییەوە نییە، یان تەنانەت تەنها بۆ بەهای شۆک بەکاردەهێنرێت، ئەمەش دۆخێکی ئاسایی بوو لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی پۆست مۆدێرنیزمەوە هەتا ئێستا.

وادیارە ئۆتۆمبێلی بیتڵ لەم کارەدا دەبێتە باگراوند و ناوەندێکی هەڵگر بۆ جەستەی هونەرمەندەکە، پێکەوە لە چەقی وێنەکە توخمی زاڵبوون زیاد دەکەن بۆ کارەکە، چونکە جەستەی هونەرمەند، ئۆتۆمبێلەکە دەکات بە دوو بەشەوە (ڕاست و چەپ)، بەم شێوەیە کانزای ئۆتۆمبێلەکە دەبێتە بنکەیەک بۆ خستنەڕووی جەستەی(هونەرمەندەکە)، ئەمەش قورسایی ڕەمزی وێنەکە قووڵتر دەکاتەوە و جەستە وەک توخمی سەرەکی کارەکە دەردەخات.

بەکارهێنانی ڤۆڵکسواگن (ئۆتۆمبێلی خەڵک) لەم کارەدا پرسیار لای بینەر دروستدەکات سەبارەت بە جۆری ئۆبژێکتەکە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرهەم هێنرا لە سەردەمی خۆی، جگە لە پەیوەندی ئەم ئۆتۆمبێلە بە مێژوویی ئەڵمانیای نازییەوە کە جۆرێکی دیکەی مانا زیاد دەکات بۆ ئەم کارە. لەخاچدانی جەستە لەسەر ئۆتۆمبێلەکە دەکرێت ڕەخنە بێت لە پشتبەستنی کۆمەڵگەی مۆدێرن بە شۆڕشی تەکنەلۆژیا و پیشەسازییەوە لایەن سیستەمەکانی سەرمایەدارییەوە، لێرەدا دەکرێ بزوێنەر هێمای سروشتی شەڕانگێزی بێت و ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ژیانی مۆدێرن بکات.

لەم کارەدا سەرنجی شێوازەکانی مینیمالیزم ئەدەین لە ڕووی کەمکردنەوە و نەهێشتنی وردەکارییەکان و سادەکردنەوەی شێوەکانی ناو دیمەنەکە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگی تاریک و کاڵ، هەڵبەت توخمەکانی ڕەنگ و ڕووناکی بەکارهاتوو لەم کارەدا فاکتەرێکە بۆ خستنەڕووی جەستەی هونەرمەند وەک سوبژێک، دیارە چڕی تاریکی سێبەرەکانی ناو دیمەنەکەدا فاکتەرێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ترە بۆ دەرخستنی تەواوی جەستەکە بە کۆنتراستێکی بەرز. پێدەچێت وێنەکە بە مەبەست سادەکرابێتەوە لە لایەن هونەرمەندەوە، ڕەنگە پەیوەندی بە لایەنی دەربڕینی بابەتی کارەکەوە هەبێت، کە تیایدا ڕووناکی وتاریکی هۆکارێکە بۆ دووپاتکردنەوەی نواندنی دیمەنە بینراوەکە و بۆ دروستکردنی کاریگەریی سۆزداریشە لای بینەر و هەوڵێکە بۆ چالاککردنەوەی بناغە هاوبەشەکانی پەیوەندیکردنی زمانی بینەیی لە ڕێگەی خودی جەستە بۆ گێڕانەوە و پەخشکردنی ناوەڕۆکی کارەکە.

بەم شێوەیە دەبینین ئەم فەزا تاریکە کەشێکی گۆشەگیر و دابڕاو دروست دەکات وەک ئاماژەیەک بۆ تاکگەرایی و تەنیا بوونی مرۆڤ لە بووندا، ئەم شوێنگەیە بەشدارە لە دروستکردنی دۆخێکی دراماتیکی و گرژی، جۆرێک لە دڵەڕاوکێ زیاد دەکات لە ڕاڕەوی بابەتەکەدا، هەروەها هەوڵێکە بۆ پەرەپێدانی کارلێکی بینراو لەگەڵ دیمەنەکەدا. دەربڕینی جەستە لەم کارەدا تاڕادەیەک ناڕوونە، دەکرێت جەستەکە لەدۆخی تەسلیمبوون، چێژوەرگرتن، ئازار، یان لە دۆخی ڕامان و بیرکردنەوەدا بێت، پێمان بڵێت چۆن بەرگەی ئازارەکان ئەرکی جەستەیە وەک زۆربەی کارەکانی بێردن، سنووری جەستەی مرۆڤ و ئامادەیی هونەرمەند بۆ بەرگەگرتنی ئازار بۆ دەربڕینی هونەری دەکۆڵێتەوە. سنوورەکانی ئەو شتە پاڵدەنێت کە بە هونەر دادەنرێت و بەرەنگاری تێڕوانینەکانی بینەر بۆ لاوازی و ئازار دەکات.

گریمانەیەکی تر بۆ جەستەی ڕووت لەم کارەدا، دەکریت ئاماژە بێت بۆ لاوازی و ناسکی جەستەی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ ڕووکەشی سارد و ڕەقیی کانزایی ئۆتۆمبێلەکە، کە بابەتی بەراوردکاریە لە نێوان ناسکی و لەناوچوونی مرۆڤ لە بەرامبەر خۆبەزلزانین و هەمیشەیی هێزی پیشەسازیدا. ئەگەرێکی دیکە پێدەچێت ڤۆڵکسواگن پەیوەندی بە بوژانەوەی پیشەسازی دوای جەنگەوە هەبێت وەک هەوڵێک بۆ تەمومژاویکردنی هەواڵی ڕێژەی قوربانییە مادی و مرۆییەکان (جەستەکان) بەهۆی کارساتەکانی جەنگەوە، ڕەنگە پەیوەندی و یەکگرتنی ئەم دوو ئۆبژێکتە کاردانەوەیەکی نەرێنی بێت لە نێوان ئامێر و گۆشت، ڕابردوو و ئێستا، جووڵە و بێدەنگی. پێکەوە جەستە و ئۆتۆمبێل کاتێک هەردووکیان لەم دیمەنە بینراوە دەردەکەون، ڕەنگە هارمۆنی یان کۆنتراست بێت یان دەتوانێت یەکتربڕینی هەردوو جەمسەرەکە بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە گشتی ئەم وێنەیە لەسەر چەندین ئاستی کۆنسێپت کاردەکات، بەڵام لە ڕاڕەوی کارەکە تەوەری ڕەخنەیی لە خۆدەگرێت و ڕاگەیاندنی نامۆبوونی مۆدێرن، ناسنامە و یەکتربڕینی نێوان ئۆبژێکتی ئۆرگانیک و ئۆبژێکتێکی میکانیکی دەکات. هەروەها نارِوونییەکەی دەکرێت بەشێک بێت لە هێزی کارەکە چونکە بەرەنگاری لێکدانەوەی سادە و ئاڵۆز دەبێتەوە، لەبری ئەوە بانگهێشتی ڕامانێکی قووڵ دەکات و بینەر دەکاتە شایەتحاڵ و بەشداربوو لە گێڕانەوەی گوتارێکی بینراوی فرە واتا. تێکەڵبوونی جەستە و ئۆتۆمبێل بوارێکی ورووژێنەر و دینامیکییە، کە هێزی سروشت و هێزی پیشەسازی تێیدا بەریەکدەکەون بۆ دروستکردنی کارێکی ئەڤانتگاردانە(پێشەنگ و داهێنەرانە) چ لە ڕووی دیزاین و چ لە ڕووی شێوازی خستنەڕووی کارەکە بێت، یان لە ڕووی وەبەرهێنانی چیرۆکە مەزنەکانی مێژووەوە، جەستە و ئۆتۆمبێل بەردەوامن لە پێناسەی و بەرەنگاری یەکتر.



**نموونەی: دووەم**

ناوی کارە هونەرییەکە: درەختی ژیان

ناوی هونەرمەند: ئانت مێندێتا

ساڵی بەرهەمهێنان: ١٩٧٦

کەرەستە: جەستەی هونەرمەند، قوڕ، چیمەن، دار

شوێن: شوێنێکی نزیک شاری ئایۆوا، ئەمریکا

میدیای بەکارهاتوو: فۆتۆی هونەری نمایشی (فۆتۆ پێرفۆڕمانس)

**چاوپیاخشاندن:** ئەم وێنەیە پێکهاتووە لە چەند ئۆبژێکتێکی جیاواز ئەوانیش بریتین لە: (جەستەی مرۆڤ، قوڕ، چیمەن، دار) لەم نمایشەدا جەستەی ڕووتی ژنێك-هونەرمەندەکە لە سەنتەری وێنەکەدایە بە شێوەیەکی ڕاست لە بەرامبەر چەقی دارێکی گەورەدا جێگیر کراوە و سەیری بینەر دەکات. پێست و دەموچاو و قژی بە تەواوی بە چینێکی ئەستووری قوڕ و ڕووەک

ڕووپۆش کراوە، وردە چڵی چیمەنەکە بە جەستەکەوە لکاوە و لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا تێکەڵ بووە. دەستەکانی بەرز کردۆتەوە وەك دۆخێکی تەسلیم بوون دەردەکەوێت. جەستەی بە قور داپۆشراوی وای لە فیگەرەکە کردووە ڕەنگی پێستی نزیك بێتەوە لە ڕەنگی پێکهاتەی دارەکە و پەیکەرێکی زیندوو دروست بکات. هاوکات تێکەڵ بە توێکڵی دارەکە ببێت، ئەو وەهمە دروست دەکات کە لە خودی دارەکەوە گەشەی کردووە. دەربڕینی جەستەی ژنانەی لە بارێکی ئارامە و هاوسەنگدایە، شێوەی پەیکەری فیگەرە کۆنەکانی منداڵبوون، یان وێنەی لە خاچدان وەبیر دەهێنێتەوە.

**شرۆڤە:** ئەم کارە بەشێکە لە زنجیرە کارێکی فراوانی ئانا مێندێتا بەناوی سیلویتا کە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٣-١٩٨٠)جێبەجێی کردوون، هونەرمەند لەم بەرهەمەیدا بەدوواداچوون بۆ بابەتی ناسنامە، دەربەدەری، مێینەیی و هێزە توخمییەکانی سروشت دەکات. کارەکە یەکتربڕینی جەستەیە لەگەڵ جیهانی سروشتیدا، تێکەڵبوونێکی ڕۆحی و سیاسییە، کردەیەکی نمایشە بۆ گۆڕانکاری و چاکبوونەوە.

ئانا مێندیتا لە شاری هاڤانا لە کوبا لەدایکبووە و لە منداڵیدا دوورخراوەتەوە بۆ ئەمریکا، هەر بۆیە کارەکانی پڕن لە زەبر و زەنگی ئاوارەبوون. تامەزرۆیی ئەو بۆ خاکەکەی، ئەمەش دەبێتە هەستێکی ناوەکی سۆزداری و چەمکی، پراکتیکە هونەرییەکەی لە قاڵب دەدات. لەم نمایشەدا هونەرمەند کردەیەکی ڕەمزی ئەنجام دەدات، جەستەی خۆی بە شێوەیەکی فیزیکی لە خاکدا دەچەسپێنێت، دەبێتە بەشێك لە دارێک، وەك هێمای ژیان و بەرگەگرتن و بەردەوامی باوباپیرانی. بەم مانایە، کردووەکە وەک گەڕانەوەیەکی ڕۆحی بۆ زێدی خۆی دەردەکەوێ.

هەروەها کارەکە بە قووڵی فێمینیستیە، هونەرمەند جەستەی مێینە لە بابەتیبوون وەردەگرێتەوە بە جەختکردنەوە و خستنەڕووی وەک قاوغێکی پیرۆزی سروشت. جەستەی لێرەدا جەختکەرەوەیە و لەگەڵ دەسەڵاتدا تێکەڵ بووە، جیا نییە لە زەوی بەڵکو لە توخمی زەوییە. ڕووی قوڕاوی خۆدزینەوەیەتی لە پیشاندانی جەستەی ئیرۆتیکی و لە هەمان کاتدا پیرۆزی دەکات. نمایشەکە ناکۆکی نێوان (سوژە و ئۆبژە، سروشت و کولتوور) کاڵدەکاتەوە.

هونەرمەند جەستەی خۆی دەخاتە ناو خاکەکەوە بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ببێت، بەڵگەنامەکردنی فۆتۆگرافی، نمایشەکە لە کردارێکی زوو تێپەڕەوە دەکاتە وێنەیەکی بەردەوام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە جیهانی هونەردا، بینەر ئەوەی کە دەیبینێت شوێنەواری ئەکتێکی ڕاستەوخۆیە کە ناتوانرێت بە تەواوی ئەزموونی بکرێتەوە. ئەم شێوازی ئامادەبوون و غیابە قسە لەسەر سەرقاڵی هونەرمەند دەکات بە تەوەرەکانی یادەوەری و سڕینەوە و کولتووری و کەسی.

دەکرێت کارەکە ئاماژە بێت بۆ لەدایکبوون، مردن و زیندووبوونەوەش، قوڕ کە هێمایەکی گشتگیرە بۆ سەرچاوەی ژیان، جەستەی دادەپۆشێت وەک ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش مرۆڤ. درەختەکە دەتوانرێت وەک فیگەری دایک بخوێنرێتەوە، پۆزی ئەو لە یەك کاتتدا ئاماژەیە بۆ تەسلیمبوون و شەهیدبوون و تێپەڕاندن.

هەروەها ڕەنگە ئەم کارە وەک جۆرێک لە ماتەمینیش لێکبدرێتەوە، بۆ زێدی ونبووی، بۆ پچڕانی پەیوەندی لە بنەڕەتی خۆی، بۆ توندوتیژی مێژوویی دژی ژن و زەوی. کارەکەی دەکرێت بانگەوازێکی ڕۆحی، یاخود نارەزایەتی و جەختکردنەوە بێت لەسەر سەربەخۆیی، کە لە ڕێگەی قوڕ و ئاماژە و ئامادەییەوە فەزای جیهانی سروشتی بەپیرۆز ی وەرئەگرێتەوە. جەستەی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی بەردەوام لە هێزی نمایشکردن بۆ تێپەڕاندنی سنوورەکان و گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان جەستە و خاک و ڕۆح.

## ٥.ئەنجامی توێژینەوە:

١.جەستە لەدەرەوەی بازنەی نیگارکێشاندا لە هونەری هاوچەرخدا چیتر ئۆبژەیەکی نواندن نییە، بەڵکو بۆ نوێنەرایەتیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردێت بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسی و سۆزدارییەکان لە ڕێگەی ئامادەبوون و ئاماژە و فۆرمەوە.

٢.یەکخستنی جەستە لە هونەری دیجیتاڵی و میدیادا ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە چۆن سیستەمی تەکنەلۆژی ناسنامە کاریگەری لەسەر جەستە دەبیت و دەکاتە تێکەڵەیەک لە نێوان بوونی ئۆرگانیک و داتا میکانیکییەکان.

٣.لە نمایشە ڕێورەسم و ئەفسانە و ئیکۆلۆژییەکان، جەستە نێوەندگیری لە نێوان گێڕانەوەی کۆن و قەیرانە هاوچەرخەکاندا دەکات، دەبێتە ئامرازێکی بەرخۆدانی ڕۆحی و ئاشتەوایی کولتووری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:

### فەرهەنگەکان

HARRIS, J. 2020. *The Body in Ancient Egypt,* London, Thames & Hudson.

### سەرچاوە کوردییەکان

ڕەسوڵ, و. ٢٠٢١. هونەری ئەوروپی, سلێمانی, چوارچرا.
عەزیز, ڕ. ٢٠٢٣. هونەری ئینستلەیشن, سلێمانی, دەزگای مرۆیی مام.
گارا ٢٠٠٥. هونەری شێوەکاری مۆدێرن, کوردستان، هەولێر, ئاراس.
ئەحمەد, ە. ٢٠٢٢. هونەری هاوچەرخ, سلێمانی, غەزەلنوس.

### سەرچاوە عەرەبییەکان

الجرجانی, ع. ب. م. ع. ٢٠٠٢. التعريفات, بيروت، لبنان, دار الكتاب العربى.

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان

BATTCOCK, G. 1968. *Minimal Art: A Critical Anthology,* New York, E.P. Dutton.
BLOCKER, J. 1999. *Where is Ana Mendieta? Identity, Performativity, and Exile,* Durham, Duke University Press.
BOYCE, M. 2001. *Zoroastrians: Their Religious Beliefs and Practices,* London, Routledge.
CHICAGO, J. 1997. *Beyond the Flower: The Autobiography of a Feminist Artist,* New York, Penguin Books.
CLARK, K. 1985. *The Romantic Rebellion,* New York, Harper & Row.
CLARK, T. J. 1985. *The Painting of Modern Life: Paris in the Art of Manet and His Followers,* Princeton, Princeton University Press.
COLIVA, A. S., R.K.P. 2015. *The Body in Contemporary Art,* London, Thames & Hudson.
DIXON, S. 2007. *Digital Performance: A History of New Media in Theater, Dance, Performance Art, and Installation,* Cambridge, MA, MIT Press.
FLAM, J. 2003. *Matisse: The Man and His Art, 1869–1918,* Ithaca, Cornell University Press.

GETHIN, R. 1998. *The Foundations of Buddhism,* Oxford, Oxford University Press.
HARRISON, M. 2021. *The Body in Ancient Cultures,* London, Routledge.
HESS, T. B. 1977. *Willem de Kooning,* New York, The Museum of Modern Art.
HONOUR, H. 1981. *Neoclassicism,* London, Penguin Books.
IRZOEFF, N. 1995. *Bodyscape: Art, Modernity and the Ideal Figure,* London and New York, Routledge.
JEFFRIES, S. 2004. *ORLAN: This is My Body... This is My Software,* London, Black Dog Publishing.
JONES, A. 1998. *Body Art/Performing the Subject,* Minneapolis, University of Minnesota Press.
JONES, A. 1998. *Body Art/Performing the Subject,* Minneapolis, University of Minnesota Press.
JONES, L. 2019. *The Body and the Divine in Medieval Art,* New York, Routledge.
KALLIR, J. 2003. *Egon Schiele: Life and Work,* New York, Harry N. Abrams.
LINSLEY, R. 1994. *Rebecca Horn,* London, Phaidon Press.
MORGAN, R. 2007. Zhang Huan: Altered States. New York: Asia Society.
NOCHLIN, L. 1971. *Realism,* Harmondsworth, Penguin.
PRIDEAUX, S. 2005. *Edvard Munch: Behind the Scream,* New Haven, Yale University Press.
REWALD, J. 1986. *Cézanne and America: Dealers, Collectors, Artists and Critics, 1891–1921,* Princeton, Princeton University Press.
ROTH, M. 2017. *The Art of Mesopotamia,* London, Thames & Hudson.
RUBIN, W. 1989. *Picasso and the Invention of Cubism,* New York, The Museum of Modern Art.
STILES, K. 1996. *Theories and Documents of Contemporary Art,* Berkeley, University of California Press.
STILES, K. 2009. *Stelarc: The Monograph,* Cambridge, MA, Publisher: MIT Press.
SYLVESTER, D. 2000. *Interviews with Francis Bacon,* London, Thames & Hudson.
WEITEMEIER, H. 2001. *Yves Klein 1928–1962: International Klein Blue,* Cologne, Taschen.

**گۆڤار و بڵاوکراوەکان:**

SMITH, R. 2018. The Body in Classical Art: A Study of Greek and Roman Sculptures. *Art History Journal*, P.112-130.

**Uncategorized References**

ABASHI, H. 2001. *Staging a Revolution: The Art of Persuasion in the Islamic Republic of Iran,* London, Verso.

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

ABRAMOVIĆ, M. 2010. *The Artist is Present: Marina Abramović in Contemporary Art,* New York, The Museum of Modern Art.
ADAMS, T. 2021. Humanism and the Body in Renaissance Art. *Renaissance Studies*, P.34-50.
ADNAN, E. 1997. *Mona Hatoum,* London, Tate Publishing.
BALDWIN, S. 2017. Laurie Anderson: Chalkroom. Venice: Venice Biennale VR Pavilion.
BLUNT, A. 1999. *Baroque and Rococo Art and Architecture,* London, Phaidon.
BROWN, J. 1986. *Velázquez: Painter and Courtier,* New Haven, Yale University Press.
DALLEY, S. 2020. *Myths from Mesopotamia,* Oxford, Oxford University Press.
EITNER, L. 1983. *Géricault: His Life and Work,* London, Orbis Publishing.
FREEDBERG, S. J. 1971. *Painting in Italy: 1500–1600,* New York, Penguin Books.
FRIEDLAENDER, W. 1993. *Rococo and Its Legacy,* New York, Harper & Row.
GIDDENS, A. 2013. *Sociology,* Cambridge, Polity Press.
GODFREY, M. 2010. Francis Alÿs: A Story of Deception. London: Tate Modern.
GOLDBERG, R. 2001. *Performance Art: From Futurism to the Present,* London, Thames & Hudson.
GOLDBERG, R. 2001. *Performance Art: From Futurism to the Present,* London, Thames & Hudson.
GOLDBERG, R. L. 2011. *Performance Art: From Futurism to the Present,* London, Thames & Hudson.
GOMBRICH, E. H. 1993. *The Story of Art,* London, Phaidon Press.

---

# The body outside the scope of painting.

**Ahmad Nabaz Taher**
Department of Visual Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: ahmednebez1@gmail.com

**Prof. Dr. Nabaz Abdullatif Mohammad**
Department of Visual Arts, College of Fine Arts, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Email: nabaz.mohmmad@univsul.iq

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract:

This paper, The Body Beyond the Scope of Painting, examines the philosophical and cultural dimensions of the body, as well as the techniques and modes of bodily representation in contemporary art, using practical examples from various artists in Europe and the United States. The study contributes to the broader discourse on art and society, emphasizing the relevance of the body as a living archive of memory, emotion, resistance, and change. It consists of three main sections: The first part outlines the general framework of the research, including the research problem, significance, objectives, limitations, and definitions of key concepts and terms. The second part presents the theoretical framework, which covers two main themes: Theme 1: The Position of the Body in the History of Art. Theme 2: Methods and Techniques of Presenting the Body in Contemporary Art. Each theme includes several sub-discussions. The third part describes the research procedures, including the research community, materials and tools, methods and implementation, and case studies.

***Keywords:*** *Body, Painting, circle.*

# الجسد خارج نطاق الرسم

## ملخص:

تتناول هذه الورقة البحثية، "الجسد خارج نطاق الرسم"، الأبعاد الفلسفية والثقافية للجسد، بالإضافة إلى تقنيات وأساليب تمثيل الجسد في الفن المعاصر، مستخدمةً أمثلة عملية من فنانين مختلفين في أوروبا والولايات المتحدة. تُسهم الدراسة في الخطاب الأوسع حول الفن والمجتمع، مُؤكدةً على أهمية الجسد كأرشيف حي للذاكرة والعاطفة والمقاومة والتغيير. تتكون من ثلاثة أقسام رئيسية: يُحدد الجزء الأول الإطار العام للبحث، بما في ذلك مشكلة البحث وأهميته وأهدافه وقيوده وتعريفات المفاهيم والمصطلحات الرئيسية. يُقدم الجزء الثاني الإطار النظري، الذي يغطي موضوعين رئيسيين: الموضوع الأول: مكانة الجسد في تاريخ الفن. الموضوع الثاني: أساليب وتقنيات تقديم الجسد في الفن المعاصر. يتضمن كل موضوع عدة مناقشات فرعية. يصف الجزء الثالث إجراءات البحث، بما في ذلك مجتمع البحث والمواد والأدوات والأساليب والتنفيذ ودراسات الحالة.